Mitanni Journal
Mitanni Journal

Volume 6 | Issue 2 | Article6

# Opportunities and Challenges of Using Artificial Intelligence in Media Content Production in the Kurdistan Region

**Mohammed Rasw Ahmed**
*Department of Media, College of Humanities, Sulaimani University, Sulaimani, Kurdistan Region/Iraq.*

**Nazakat Hussain hamasaid**

*Department of Media, College of Humanities, Sulaimani University, Sulaimani, Kurdistan Region/Iraq.*

Follow this and additional works at: https://journals.epu.edu.iq/index.php/Mitanni

How to Cite This Article
Mohammed,R.A.& Nazakat,H.H, 2026. Opportunities and Challenges of Using Artificial Intelligence in Media Content Production in the Kurdistan Region.Mitanni Journal,6(2), Article 09.

DOI: https://doi.org/10.25156/ptjhss.v6n2y2025.pp54-70
This Original Article is brought to you for free and open access by Mitanni Journal. It has been accepted for inclusion in Mitanni Journal by an authorized editor of Mitanni Journal. For more information, please contact mitanni.j@epu.edu.iq

ORIGINAL ARTICLE

# Opportunities and Challenges of Using Artificial Intelligence in Media Content Production in the Kurdistan Region

Mohammed Rasw Ahmed [1], Nazakat Hussain hamasaid [2]

Department of Media, College of Humanities, Sulaimani University, Sulaimani, Kurdistan Region/Iraq.

Department of Media, College of Humanities, Sulaimani University, Sulaimani, Kurdistan Region/Iraq.

Abstract

The research titled "Opportunities and Challenges of Using Artificial Intelligence in Media Content Production in the Kurdistan Region" is a field study aimed at identifying and understanding the implications (technological, economic, professional, and ethical) of the use of artificial intelligence technology by media content producers in the Kurdistan Region on the structure of work and media production. The study seeks to determine the positive and negative effects of AI use on content quality, diversity, and credibility, as well as the role and impact of various artificial intelligence tools on changing work methods and the level of awareness and use among producers in the Kurdistan Region.

The main objective of this research is to explore the perspectives and experiences of media content producers regarding the effects and implications of artificial intelligence technology on their work and the structure of the media industry in the Kurdistan Region. This research is descriptive in nature, employing a survey methodology to examine media content producers in the Kurdistan Region. The sample consisted of (120) producers from various media organizations as well as those working freelance, selected through purposive non-random sampling. A survey questionnaire was used to gather data regarding the level of awareness and use of AI, opportunities and challenges, and its reflection on the quality and diversity of their content. The research adopted both qualitative and quantitative approaches to address the research questions and objectives.

The most significant findings reached by the research include: (The level of awareness among content producers in the Kurdistan Region regarding artificial intelligence technology is at a moderate level. The use of AI in content production helps increase speed and reduce costs, but there are concerns regarding quality and accuracy. Low levels of specialized training and the absence of clear guidelines are the main factors limiting the responsible use of AI. The majority of producers believe that AI should be used as an assistive tool rather than a complete replacement for human work. There is a need to establish ethical and legal standards for the use of AI in Kurdish media to protect intellectual property rights and content credibility).

**Keywords: Keywords:** Artificial Intelligence (Generative ai) - Media Content - Opportunities – Challenges-Usage/Utilization -Awareness.

Received 12 January 2026; accepted 11 February 2026.
Available online 30 April 2026
* Corresponding author
E-mail address: Vian.mahmud00@gmail.com
*10.25156/ptjhss.v6n2y2025.pp54-70*
*2707-7799/© 2025, Erbil Polytechnic University. This is an open access article under the CC BY-NC-ND 4.0 Licence (https://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/).*

# Opportunities and Challenges of Using Artificial Intelligence in Media Content Production in the Kurdistan Region

**AI usage declaration**

The authors declare that the content of this work was not generated using AI.

**Author contribution**

The authors have contributed solely to all aspects of this research work.

**Ethics information**

Ethics approval was not required for this research.

**Data availability statement**

The data supporting this study’s findings are available from the corresponding author upon reasonable request.

**Funding information**

No specific funding was received for conducting this research.

**Conflict of interest**

The authors declare that there is no conflict of interest.

**Acknowledgements**

The authors gratefully acknowledge the support of the College of Humanities, Department of Media, University of Sulaimani, and individuals who contributed to this study.

**Original article?**

The researcher’s work focused on Opportunities and Challenges of Using Artificial Intelligence in Media Content Production in the Kurdistan Region.

## دەرفەت و ئاڵەنگارییەکانی بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد لە بەرهەمهێنانی ناوەرۆکی میدیایی لە هەرێمی کوردستاندا

**پوختە**
توێژینەوەی (بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد لە بەرهەمهێنانی ناوەرۆکی میدیایی لە هەرێمی کوردستاندا، دەرفەت و ئاڵەنگارییەکان) توێژینەوەیەکی مەیدانیە و ئامانج لێی ناسین و گەیشتنە بە لێکەوتە (تەکنەلۆجی و ئابووری و پیشەیی و ئەخلاقییەکانی) بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زیرەکی دەستکرد لەلایەن بەرهەمهێنەرانی ناوەرۆکی میدیایی لە هەرێمی کوردستاندا. دەمانەوێت بزانین، کە ئایا لێکەوتە ئەرێنی و نەرێنییەکانی بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد چین لەسەر جۆرایەتی و کوالیتی و متمانەی ناوەرۆکی میدیایی، هەروەها ڕۆڵ و کاریگەریی ئامرازە جیاوازەکانی زیرەکی دەستکرد لە چ ئاستێکدان، بەتایبەت لەسەر گۆڕینی شێوازەکانی کارکردن و ئاستی ئاگایی و بەکارهێنانی بەرهەمهێنەران لە هەرێمی کوردستاندا.
ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانینی بۆچوون و ئەزموونی بەرهەمهێنەرانی ناوەرۆکی میدیایی سەبارەت بە ئەو لێکەوتە و ڕەنگدانەوانەی، کە تەکنەلۆجیای زیرەکی دەستکرد هەیەتی لەسەر کارەکانیان لە هەرێمی کوردستاندا. ئەم توێژینەوەیە لە جۆری توێژینەوە وەسفیەکانە، تیایدا میتۆدی ڕاپرسی بەکارهاتووە، بۆ ڕاپرسی لەگەڵ بەرهەمهێنەرانی ناوەرۆکی میدیایی لە هەرێمی کوردستان، کە ژمارەیان (١٢٠) بەرهەمهێنەرە لە دامەزراوە میدیایی جیاوازەکان، یاخود بە شێوەی سەربەخۆ (Frelance) کار دەکەن، بەشێوەی سامپڵی ناهەڕەمەکی مەبەستدار ئامرازی فۆڕمی ڕاپرسی لەگەڵدا ئەنجامدراوە، سەبارەت بە ئاستی ئاگایی و بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد، دەرفەتەکان و ئاڵەنگارییەکان، و ڕەنگدانەوەی لە جۆرایەتی و کوالیتی ناوەرۆکەکانیان، هەروەها توێژینەوەکە پشتی بە شێوازی چۆنایەتی و کەمایەتی بەستووە بەمەبەستی وەڵامدانەوەی پرسیار و ئامانجەکانی توێژینەوەکە.
گرنگترین دەرئەنجامەکانیش کە توێژینەوەکە پێی گەیشتووە بریتین لە: ئاستی ئاگایی بەرهەمهێنەرانی ناوەرۆکی میدیایی لە هەرێمی کوردستان سەبارەت بە تەکنەلۆجیای زیرەکی دەستکرد لە ئاستێکی مامناوەندی دایە، بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد لە بەرهەمهێنانی ناوەرۆکدا یارمەتی دەدات بۆ زیادکردنی خێرایی و کەمکردنەوەی تێچوو بەڵام نیگەرانی هەیە سەبارەت بە جۆرایەتی و ڕاستگۆیی، نەبوونی خولی تایبەتی ڕاهێنان و ڕێنمایی ڕوون، هۆکاری سەرەکین بۆ سنووردارکردنی بەکارهێنانی بەرپرسیارانەی ئامرازەکانی زیرەکی دەستکرد، هەروەها زۆرینەی بەرهەمهێنەران پێیان وایە، کە زیرەکی دەستکرد دەبێت وەک ئامرازێکی یارمەتیدەر بەکاربهێنرێت نەک وەک جێگرەوەی تەواو بۆ ئەنجامدانی کاری مرۆیی، پێویستە بە دانانی ستاندارده ئەخلاقییەکان و یاساییەکان بۆ بەکارهێنانی لە میدیای کوردیدا دەکات، بۆ پاراستنی مافی دروستکەر و متمانەی وەرگر بە ناوەرۆکە میدیاییەکان.
**کلیلە وشەکان:** زیرەکی دەستکرد – ناوەڕۆکی میدیایی - بەکارهێنان - دەرفەت – ئاڵەنگاری – ئاگایی.

### پێشەکی
یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی میدیا و تەکنەلۆجیای نوێ بریتییە لە گۆڕینی شێوازەکانی بەرهەمهێنانی ناوەرۆک و دەوترێت چیتر بەرهەمهێنانی ناوەرۆک لە چوارچێوەی شێوازە کۆن و سنووردارەکانی ڕابردوو نەماوە و بەهۆی تەکنەلۆژیا و پێشکەوتنی زیرەکی دەستکردیش لە ئێستادا بەرهەمهێنانی ناوەرۆکی میدیایی بە شێوازێکی نوێ و خێراتر سەبارەت بە پرس و بابەتە جۆراوجۆرەکان لەنێو دامەزراوە میدیایی جیاوازەکاندا بوونە سیمایەکی دیاری سەردەمەکە. زیرەکی دەستکرد و بەرهەمهێنانی ناوەرۆک دوو چەمکی دانەبڕاوی میدیا و تەکنەلۆژیای نوێن چونکە پەیوەستن بە یەکێک لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی پرۆسەی بەرهەمهێنان لە پاڵ (بەرهەمهێنەر و ئامراز و ناوەرۆک و وەرگر) کە ئەویش گۆڕانکاری بەسەر هەموویاندا دەهێنێت. هەروەها تەکنەلۆجیای زیرەکی دەستکرد کاریگەریی لەسەر خێرایی و کارایی لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی ناوەرۆکی میدیایی دروست دەکات.
ئەم توێژینەوەیە جگە لە پوختە و پێشەکی لە چەند تەوەرێکی سەرەکی پێکهاتووە. لە تەوەری یەکەمدا (میتۆدنامەی توێژینەوە) خراوەتەڕوو کە هەریەک لە (کێشە و گرنگی و ئامانجی و توێژینەوەکانی پێشوو و جۆر و میتۆد و شێواز و ئامراز و کۆمەڵگە و سامپڵ و بوار و ڕاستی و جێگیری، دیاریکردنی چەمکەکانی توێژینەوەکە) دەگرێتەوە. لە تەوەری دووەمدا ئاماژەدراوە بە (تیۆرینامەی توێژینەوەکە) کە پێکدێت لە یەکەم (زیرەکی دەستکرد)، دووەم (بەرهەمهێنانی ناوەرۆکی میدیایی)، سێیەم (دەرفەت و ئاڵەنگارییەکان). لە تەوەری سێیەمدا لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە خۆیداوەتەڕوو، پاشان (دەرئەنجامەکان و ڕاسپاردەکان و پێشنیارەکان) خراونەتەڕوو.

### تەوەری یەکەم/میتۆدنامەی توێژینەوەکە

#### یەکەم: کێشەی توێژینەوەکە:
کێشەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە خۆی لە پرسیارێکی سەرەکیدا دەبینێتەوە کە بریتییە لە (دەرفەت و ئاڵەنگارییەکانی بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد لە بەرهەمهێنانی ناوەرۆکی میدیایی لە هەرێمی کوردستاندا)، ئەم پرسیارە سەرەکییە دەبێتە چەند پرسیارێکی تری لاوەکی گرنگترینیان:
- دەرفەتەکانی بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد لەسەر بەرهەمهێنانی ناوەرۆکی میدیایی چین؟
- ئاڵەنگاری پیشەییەکانی بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد لەسەر باوەڕپێکراوی ناوەرۆک چین؟
- ئایا لێکەوتە ئابووری و پیشەییەکانی بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد لەسەر بەرهەمهێنەرانی ناوەرۆکی میدیایی کامانەن؟
- ئاستی ئاگایی و بەکارهێنانی بەرهەمهێنەرانی ناوەرۆک لە هەرێمی کوردستان سەبارەت بە تەکنەلۆژیای زیرەکی دەستکرد لە چ ئاستێکدایە؟

**دووەم: گرنگی توێژینەوەکە**
گرنگی ئەم توێژینەوەیە لە چەند ڕەهەندێکەوەیە بەم جۆرەی خوارەوە:

- میدیا و بەرهەمهێنان: دەبێتە ڕوونکەرەوەیەک بۆ بەرهەمهێنەران و دامەزراوە میدیاییەکان بە گشتی سەبارەت بە گرنگی و ڕۆڵی تەکنەلۆژیای زیرەکی دەستکرد لەسەر ئەو بابەتانەی پەیوەستە بە باشترکردنی کوالیتی و خێرایی بەرهەمهێنانەوە.
- پیشەیی: دەبێتە بەڵگەیەکی زانستی بۆ لایەنی پەیوەندیدار و دامەزراوە پەروەردەییەکان لەسەر ناسین و بەهەند وەرگرتنی پێداویستی خولێنەوە و گەشەپێدانی لێهاتوویی بەرهەمهێنەران لە بەکارهێنانی.AI
- یاسایی و ئەخلاق: دەبێتە بنەمایەک بۆ دانانی ڕێنماییە ئەخلاقییەکان و یاساییەکان سەبارەت بە بەکارهێنانی بەرپرسیارانەی زیرەکی دەستکرد لە میدیای کوردیدا.
- ئابووری: ڕوون دەکاتەوە کە چۆن بەکارهێنانی AI دەتوانێت کاریگەری لەسەر تێچووی بەرهەمهێنان و سوودمەندی ئابووری دامەزراوە میدیاییەکان دابنێت.

**سێیەم: ئامانجی توێژینەوەکە**

- زانینی دەرفەتە تەکنەلۆجییەکانی بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد لەسەر بەرهەمهێنانی ناوەرۆکی میدیایی.
- دەرخستنی ئاڵەنگاری ئەخلاق و پیشەییەکانی بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد لەسەر جۆرایەتی ناوەرۆک.
- ئاشنابوون بە لێکەوتە ئابووری و پیشەییەکانی بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد لەسەر بەرهەمهێنەرانی ناوەرۆک.
- پێوانکردنی ئاستی ئاگایی و بەکارهێنانی بەرهەمهێنەرانی ناوەرۆکی میدیایی لە هەرێمی کوردستان سەبارەت بە تەکنەلۆجیای زیرەکی دەستکرد.
- پێشکەشکردنی پێشنیار و ڕاسپاردە بۆ بەکارهێنانی بەرپرسیارانە و کاراتری زیرەکی دەستکرد لە بەرهەمهێنانی ناوەرۆکی میدیاییدا.

**چوارەم: توێژینەوەکانی پێشوو**

1. **توێژینەوەی Beatriz Gutiérrez-Caneda; Jorge Vázquez-Herrero; Xosé López-García (2023)** بە ناونیشانی: AI application in journalism: ChatGPT and the uses and risks of an emergent technology

ئامرازەکانی زیرەکی دەستکرد لە بواری ڕۆژنامەگەریدا: بەکارهێنان و مەترسییەکانی ئامرازی (ChatGPT) وەک تەکنەلۆژیایەکی نوێی سەردەم، ئەم توێژینەوەیە لە جۆری تێکەڵە (کەمایەتی و چۆنایەتی) وکێشەی سەرەکی توێژینەوەکە بریتییە لە ناڕوونی و نادیاریی بەکارهێنان و مەترسییەکانی تەکنەلۆجیای (ChatGPT) لە ژوورەکانی هەواڵ لەسەر پرۆسەی بەرهەمهێنانی ناوەرۆکی ڕۆژنامەگەری وەک نوێترین تەکنەلۆجیا، کە پەیوەستە بە دەرفەت و ئاڵەنگارییەکانەوە.
ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە گەیشتن بەو ڕۆڵەی، کە (ChatGPT ) دەیبینێت لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی ناوەرۆکی ڕۆژنامەگەریدا و دۆزینەوەی دەرفەت و مەترسییەکانی. توێژەران دوو میتۆدی Benchmarking (بەراوردکردن لەگەڵ ستانداردەکان) و Walkthrough (پێداچوونەوەی هەنگاوبەهەنگاوی سیستەمەکە) بەکاردەهێنن بۆ دۆزینەوەی دەرفەتەکان (شوێنی باشترکردن و توانا) و مەترسییەکان (کێشە، هەڵە و مەترسی ئەمنی) لە سیستەمەکاندا.. توێژەران ئەزموونی بەکارهێنەران (Experience Sampling Method) بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لە ڕۆژنامەوانان بەکارهێناوە کە نمونەی توێژینەوەکەی لە (12) ڕۆژنامەوانی کارا لە بەشە جیاوازەکانی دامەزراوەکانی میدیا پێکهاتووە. گرنگترین ئەو ئەنجامانەی توێژینەوەکە پێیانگەیشتووە بریتین لە:

- مۆدێلی زیرەکی دەستکردی وەک (ChatGPT) لەتوانایدا هەیە، کە پرۆسەکان خۆدکارانە ئەنجام بدات، دەقەکان دووبارە بنوسێتەوە، داتاکان شیبکاتەوە و تەنانەت وەک دروستکەری بیرۆکە بۆ ناوەرۆک کاربکات.
- بەهۆی نادروستی زانیارییەکان و نەبوونی سۆز و هەستی مرۆیی، ڕۆژنامەوانان مەترسییە گەورەیان تێبینی کردووە لە بەکارهێنانیدا.
- بەهۆی سنووردارکردنی زانیاری تا ساڵی 2021 و دروستکردنی زانیاری ساختە بەبێ ئاگادارکردنەوەی بەکارهێنەر، زۆرترین کاریگەری نەرێنی هەبووە لەسەر متمانە و ڕاستگۆیی لە ناوەرۆکدا.
- پێویستی دانانی ڕێنماییە ئەخلاقییەکان و یاساییەکان بۆ بەکارهێنانی بەرپرسیارانەی زیرەکی دەستکرد لە بواری ڕۆژنامەگەریدا.

٢. **توێژینەوەی: Apablaza-Campos، Wilches-Tinjacá Salaverría (2024)**

بەناونیشانی: Generative Artificial Intelligence for Journalistic Content in Ibero-America: Perceptions, Challenges and Regional Projections

توێژینەوەی (زیرەکی دەستکردی بەرهەمهێنەر بۆ ناوەرۆکی ڕۆژنامەوانی لە ئیبێرۆ-ئەمریکا: دیدگا، ڕووبەڕووبوونەوەکان و ڕوانگە هەرێمییەکان) ئەم توێژینەوەیە لە جۆری لێکۆڵینەوەی دۆزینەوەیە و کێشەی سەرەکی توێژینەوەکە بریتییە لە ناڕوونی و نادیاریی ئەزموون و بەرژەوەندییەکانی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زیرەکی دەستکردی دروستکەر لەلایەن ڕۆژنامەوانان و دامەزراوە میدیاییەکانی ناوچەی ئیبێرۆ-ئەمریکاوە لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی ناوەرۆکی ڕۆژنامەگەریدا.
ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە گەیشتن بەو ئەزموون و ئاڵەنگاری و پێشبینییانەی، کە پەیوەستە بە بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد لە دروستکردنی ناوەرۆکی هەواڵیدا. توێژەران ڕاپرسییەکیان ئەنجامداوە لە چوار زانکۆی ناوچەی (ئیبێرۆ-ئەمریکا) لە ماوەی نیوەی دووەمی ساڵی 2023، کە نمونەی توێژینەوەکەی لە (154) بەشداربوو لە (14) وڵاتی ناوچەکە پێکهاتووە، لەوانە ئەکادیمییەکان، توێژەران،

خوێندکارانی بواری ڕۆژنامەگەری و بەڕێوەبەرانی دامەزراوە میدیاییەکان. گرنگترین ئەو ئەنجامانەی توێژینەوەکە پێیانگەیشتووە بریتین لە:

- زۆرینەی بەشداربووان (77.92%) ئامرازەکانی زیرەکی دەستکردی دروستکەر بە شێوەیەکی هەفتانە بەکاردەهێنن.
- ڕێژەی (92.86%) بەشداربووان ئامرازی (ChatGPT)، وەک باشترین ئامرازی ناسراو بەکار دەهێنن.
- ڕێژەی (79.22%) بەشداربووان پێیان وایە پێویستییەکی بەرچاو بۆ دانانی یاسا و ڕێنماییەکان هەیە، بۆ ئەوەی زیرەکی دەستکرد سودی گەورەی لێوەربگیرێت.
- بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی و فێرکاریی تایبەت بە شێوازی بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد لە زانکۆکانی ناوچەکەدا بە پێویست دەزانرێت.

**٣. توێژینەوەی : Kieslich، Lünich، Marcinkowski (2021)**

بە ناونیشانی: The Threats of Artificial Intelligence Scale (TAI): Development, Measurement and Test over Three Application Domains

توێژینەوەی (پێوەری مەترسییەکانی زیرەکی دەستکرد:(The Threats of Artificial Intelligence Scale (TAI 1: چۆنیەتی دروستکردن، پێوانەکردن و تاقیکردنەوەی لە سێ بواری جیاوازدا)، ئەم توێژینەوەیە لە جۆری کەمایەتی و شیکاری ئامارییە و کێشەی سەرەکی توێژینەوەکە بریتییە لە ناڕوونی و نادیاریی چۆنیەتی هەڵسەنگاندنی هەستی مەترسی و ترس لە زیرەکی دەستکرد لەلایەن خەڵکەوە بە شێوەیەکی ورد و زانستی، کە بتوانێت جیاوازی نێوان کردە جیاوازەکانی زیرەکی دەستکرد و بوارە جیاوازەکانی بەکارهێنانی بگرێتەوە. ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە گەشەپێدانی پێوەرێکی ستانداردکراو (TAI scale) بۆ پێوانکردنی هەستی مەترسی تاکەکان سەبارەت بە زیرەکی دەستکرد کە بتوانێت لە بوارە جیاوازەکاندا بەکاربهێنرێت و لە هەمان کاتدا جیاوازی نێوان کردە جیاوازەکانی وەک (ناسینەوە، پێشبینیکردن، پێشنیارکردن و بڕیاردان) دیاری بکات. توێژەران ڕاپرسییەکی ئۆنلاینیان ئەنجامداوە لە ئەڵمانیا لەگەڵ نموونەی توێژینەوەکە کە لە (891) بەشداربوو پێکهاتووە، کە بە شێوەیەکی هاوسەنگانە بەسەر سێ گروپدا دابەشکراون بۆ تاقیکردنەوەی پێوەرەکە لە سێ بواری جیاواز (قەرزدان، دامەزراندنی کارمەند، و چارەسەری پزیشکی). گرنگترین ئەو ئەنجامانەی توێژینەوەکە پێیانگەیشتووە بریتین لە:

- بەهۆی توانای خەڵک بۆ جیاکردنەوەی نێوان کردە جیاوازەکانی وەک (ناسینەوە، پێشبینیکردن، پێشنیارکردن و بڕیاردان)، پێوەری TAI بە شێوەیەکی باش توانای پێوانەکردنی هەستی مەترسی هەیە.
- بەهۆی جیاوازی بوارەکانی بەکارهێنان (قەرزدان، دامەزراندنی کارمەند، چارەسەری پزیشکی)، ئاستی هەستی مەترسی خەڵک بە شێوەیەکی بەرچاو جیاوازە لە نێوان ئەم بوارانەدا.
- بەهۆی کارکردنی بڕیاردانی خۆکارانەی(AI decision-making) ، کە کۆنترۆڵ لە مرۆڤ وەردەگرێتەوە، ئەم کردەیە بە بەرزترین ئاستی هەستی مەترسیی هەژمار دەکرێت لە هەر سێ بوارەکەدا.
- بەهۆی پەیوەندی نێوان هەستی مەترسی و ترسی ڕاستەقینە، پێوەری TAI توانای پێشبینیکردنی ترسی هەیە، کە لە بەکارهێنانی زیرەکی دەستکردا دروست دەبێت.
- پێویستی بەکارهێنانی ئەم پێوەرە لە توێژینەوە زانستییە نوێیەکاندا بە ئامانجی تێگەیشتن لە نیگەرانییە گشتییەکان سەبارەت بە زیرەکی دەستکرد و پێشنیاری ستراتیجی گونجاو بۆ جێبەجێکردنی بەرپرسیارانەی تەکنەلۆجیای زیرەکی دەستکرد لە کۆمەڵگادا.

**پێنجەم: جۆرو میتۆدی توێژینەوەکە**

ئەم توێژینەوەیە لە جۆری توێژینەوە وەسفییە کەمایەتییەکانە و تیایدا میتۆدی ڕاپرسی بەکارهێنراوە بەمەبەستی گەشتن بە وەڵامی پرسیار و ئامانجەکانی توێژینەوەکە.

**شەشەم: کۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوەکە**

**کۆمەڵگەی توێژینەوە:** لە بەرهەمهێنەرانی ناوەڕۆکی میدیایی لە هەرێمی کوردستان پێکدێت کە لە دامەزراوە میدیاییە جیاوازەکان (تەلەفزیۆن، ماڵپەڕی هەواڵ، ڕۆژنامە و ئاژانسەکانی ڕیکلام، سەربەخۆ - فریلانسەر) کار دەکەن.

---

1 پێوەری Threats of Artificial Intelligence (TAI scale) (پێوەری مەترسییەکانی زیرەکی دەستکرد) ئامرازێکی زانستییە، کە بۆ پێوانەکردنی ئاستی ترس و نیگەرانی خەڵک لە مەترسییەکانی زیرەکی دەستکرد دروست کراوە. باس لە پرۆسەی دروستکردن و پەرەپێدانی ئەم پێوەرە دەکات، هەروەها ڕێگاکانی پێوانەکردنی و چۆنیەتی تاقیکردنەوەی لە سێ بواری جیاوازی بەکارهێنان دەخاتە ڕوو، بۆ ئەوەی دڵنیابێت لە دروستی و هەڵسەنگاندنی بیروڕای گشتی لەسەر مەترسییەکانی ئەم تەکنەلۆجیایە.

**سامپڵی توێژینەوە:** لە سامپڵێکی ناهەڕەمەکی مەبەستدار پێکدێت کە ژمارەیان (١٢٠) بەرهەمهێنەری ناوەڕۆک لە دامەزراوە میدیاییە جیاوازەکان و ئەوانەی بە شێوەی سەربەخۆ کار دەکەن.

**حەوتەم: ئامرازەکانی توێژینەوەکە**

توێژەران لەم توێژینەوەیەدا ئامرازی فۆڕمی ڕاپرسیان بەکارهێناوە بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیاری پەیوەست بە پرسیار و ئامانجەکانی توێژینەوەکە. فۆڕمی ڕاپرسیەکە لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە:

**بەشی یەکەم - زانیاری گشتی:** پرسیارەکان سەبارەت بە زانیاری دیمۆگرافی بەشداربووان (تەمەن، ڕەگەز، ئاستی خوێندەواری، جۆری دامەزراوەی میدیایی، ساڵانی ئەزموون).

**بەشی دووەم - پرسیارە تایبەتەکان:** کە لە چەند تەوەرێک پێکهاتووە:

- پرسیارەکان سەبارەت بە ئاستی ئاگایی لە تەکنەلۆژیای زیرەکی دەستکرد.
- پرسیارەکان سەبارەت بە ئاستی بەکارهێنانی ئامرازەکانی زیرەکی دەستکرد.
- پرسیارەکان سەبارەت بە دەرفەتەکانی بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد (تەکنەلۆجی، ئابووری، پیشەیی)
- پرسیارەکان سەبارەت بە ئاڵەنگارییەکانی بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد (ئەخلاقی، پیشەیی، تەکنیکی).
- پرسیارەکان سەبارەت بە پێشبینییەکان و داهاتووی زیرەکی دەستکرد لە میدیای کوردیدا.
- زۆربەی پرسیارەکان بە پێی پێوەری پێنج خاڵی لیکارت (Likert Scale) دارێژراون لە (١ = زۆر کەم) تا (٥ = زۆر زۆر).

**هەشتەم: ڕاستی ئامرازی توێژینەوەکە**

توێژەران کاریان لەسەر ڕاستی ڕواڵەت (Face Validity) کردووە بۆ ئامرازەکانی توێژینەوەکە، بەجۆرێک پاش گەڵاڵەکردنی فۆڕمی ڕاپرسی بەشێوەی سەرەتایی، فۆڕمەکە دراوەتە چەند پسپۆڕێک لە بواری ڕاگەیاندن و تەکنەلۆجیای میدیایدا بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی و تۆمارکردنی تێبینیەکان2، لەسەر ئەو بنەمایەی کە هاوکێشەی ڕاستی ڕواڵەت = پرسیارە ڕاستەکان / کۆی پرسیارەکان × ١٠٠ = (٩٢,٥%)، کە ئەم ڕێژەیە ئاماژەیە بۆ بەرزی ڕاستی ئامرازەکانی توێژینەوەکە. هەروەها بۆ دڵنیابوون لە جێگیری ناوەکی (Internal Consistency) فۆڕمی ڕاپرسیەکە، تاقیکردنەوەی ئەلفا کرۆنباخ (Cronbach's Alpha) بەکارهێنرا، کە نرخەکەی گەیشتە (α =٠,٨٧)، کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ جێگیری بەرزی ئامرازەکان.

**نۆیەم: بوارەکانی توێژینەوەکە**

١ **.بواری کات:** ماوەی پراکتیکی ئامرازی توێژینەوەکە دەگرێتەوە کە دەکەوێتە ماوەی نێوان (٢٠٢٤/٩/١٥ بۆ ٢٠٢٤/١٢/١٥).

٢ **.بواری شوێن:** هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە (پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی، دهۆک و هەڵەبجە).

٣ **.بواری مرۆیی:** بەرهەمهێنەرانی ناوەرۆکی میدیایی لە هەرێمی کوردستان.

٤**. بواری بابەت:** دەرفەت و ئاڵەنگارییەکانی بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد لە بەرهەمهێنانی ناوەرۆکی میدیایی لە هەرێمی کوردستاندا.

ئەم توێژینەوەیە لەجۆری تویژینەوە وەسفیەکانە،تێیدا میتۆدی ڕووپێوی بەکارهاتووە،بە پشتبەستن بە ئامرازی فۆڕمی ڕاپرسی بۆ کۆکردنەوەی زانیاری.

**دەیەم: دیاریکردنی چەمکەکانی توێژینەوەکە**

١ .زیرەکی دەستکرد (Generative Ai): مەبەست لە کۆمەڵێک ئامرازی دروستکەری سیستەمی کۆمپیوتەریی پێشکەوتووە، کە توانای ئەنجامدانی ئەرکی هۆشمەندیان هەیە وەک (فێربوون ، پرۆسێسکردنی زمانی سروشتی، ناسینەوەی وێنە، شیکردنەوەی داتا، بڕیاردان و دروستکردنی ناوەڕۆک) بەبێ دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی مرۆڤ، بابەتی ئەم توێژینەوەیە تایبەتە بەو سیستەمانەی لە بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکی میدیاییدا بەکاردێن، واتا ئامرازەکانی دروستکردنی ناوەڕۆک (Generative Ai).

٢ .بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکی میدیایی:(Media Content Production) لێرەدا مەبەستمان پرۆسەی دروستکردن و ئامادەکردن و ناوەڕۆکی جۆراوجۆرە (دەق، دەنگی، بینراو) بە مەبەستی ڕاگەیاندنی بە جەماوەر لە هەرێمی کوردستاندا.

٣ .دەرفەت:(Opportunities) لەم توێژینەوەیەدا مەبەست لەو سوود و بەرژەوەندی و دەرفەتە ئەرێنییانەیە، کە بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زیرەکی دەستکرد هەیەتی لەسەر بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکی میدیایی.

---

2

| ژ | ناوی سیانی | پسپۆری | شوێنی کارکردن |
|---|---|---|---|
| ١ | پ. ی. د. کاروان محەمەد حەسەن | ڕاگەیاندن | کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی |
| ٢ | پ. ی. د. جوان جەلالەدین محیەدین | ڕاگەیاندن | کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی |
| ٣ | پ. ی. د. ئاشتی حمە سالح | ڕاگەیاندن | کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی |
| ٤ | د. دیاری عوسمان عارف | ڕاگەیاندن | کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی |
| ٥ | پ. ی. د. بەرهەم خالید احمد | ڕاگەیاندن | کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی |

٤ .ئاڵەنگاری:(Challenges) مەبەست لەو کێشە و گرفت و مەترسی و ئاستەنگانەیە، کە بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد لە بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکی میدیاییدا دروستی دەکات.
٥ .بەرهەمهێنەرانی ناوەڕۆک:(Content Producers) مەبەست لەو توانا مرۆییەیە، کە ئەرکیان بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکی میدیاییە لە دامەزراوە میدیاییەکان، یاخود بەشێوەی سەربەخۆ (Frelance) کار دەکەن.
٦ .ئاگایی:(Awareness) لەم توێژینەوەیەدا مەبەست لە ئاستی زانین و تێگەیشتن و ناسینی بەرهەمهێنەرانی ناوەڕۆکی میدیاییە سەبارەت بە تەکنەلۆجیای زیرەکی دەستکرد و توانا و سنوورەکانی و بەکارهێنانی لە بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکی میدیاییدا.
٧ .بەکارهێنان:(Usage/Utilization) مەبەست لە ئەو ئاستەیە، کە بەرهەمهێنەرانی ناوەڕۆک بە شێوەیەکی پراکتیکی تەکنەلۆجیای زیرەکی دەستکرد بەکاردەهێنن لە کارە ڕۆژانەکانیاندا بۆ بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکی میدیایی.

**تەوەری دووەم: تیۆرینامەی توێژینەوەکە**

لەم باسەدا بۆ زیاتر تێگەیشتن لە زیرەکی دەستکرد و ڕەهەندە جیاوازەکانییەوە پێویستمان بە پێناسەکردنی دەبێت، ئەگەر چی پێناسەی زیرەکی دەستکرد بەگوێرەی سەردەم و تێگەیشتنی زانستی گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە. بۆیە لێرەدا چەندین پێناسەی دیار هەن، کە زانایان و پسپۆڕان کردوویانە، کە دەکرێت لێرەدا بۆ دوو ڕەهەندی (کلاسیک و مۆدێرن )ئاماژەیان پێبکرێت:

**یەکەم: پێناسە کلاسیکییەکانی زیرەکی دەستکرد**

**١. جۆن مەکارسی (١٩٥٦):** زیرەکی دەستکرد زانست و ئەندازیاری دروستکردنی ماشینی زیرەکە." مەکارسی کە بە باوکی زیرەکی دەستکرد ناسراوە، ئەم پێناسە سادەیەی پێشکەش کرد کە هێشتا کاریگەرە (McCarthy 2007: 328).
**٢.مارڤین مینسکی (١٩٦٨):** زیرەکی دەستکرد زانستی دروستکردنی ماشینەکانە، کارێکدەکەن، ئەگەر مرۆڤ بیکردایە، پێویستی بە زیرەکی دەبوو. ئەم پێناسەیە جەخت دەکاتە سەر هەڵسوکەوتی دەرەکی و دەرەنجامەکان. بەپێی بۆچوونی (مارڤین مینسکی)، زیرەکی دەستکرد بریتییە لە دروستکردنی سیستەمێک، کە توانای ئەنجامدانی ئەرکەکانی هەبێت کە پێویستییان بە تواناکانی زیرەکی مرۆڤ هەیە. پێناسەکە جەخت لەسەر ئەنجامەکان و کارایی دەکات، نەک پرۆسەکان، یان چۆنیەتی بیرکردنەوەی سیستەمەکە. بەم پێیە، مینسکی گرنگی بە دەرەنجامە پراکتیکییەکان داوە وەک پێوەرێک بۆ هەڵسەنگاندنی زیرەکی دەستکرد (Minsky, 1968: 126) .
**٣. پول و ماکوۆرث (٢٠١٠):** زیرەکی دەستکرد توێژینەوەیە لەسەر ئەو کەرەستانەی، کە ڕێگە بە کۆمپیوتەرەکان دەدات کارلێک بە شێوەیەکی زیرەکانە لەگەڵ جیهاندا بکەن." ئەم پێناسەیە جەخت لەسەر کارلێک دەکات (Poole, 2010: 58).
**٤. ڕاسڵ و نۆرڤیگ (٢٠٢١):** زیرەکی دەستکرد هەوڵدانە بۆ تێگەیشتن لە بکەرە زیرەکەکان (intelligent agents) و دروستکردنیان." ئەم پێناسەیە چەمکی بکەری زیرەک دێنێتە ناوەوە، کە ئەو یەکەیەیە، کە ژینگەکەی دەناسێت و کردارێک ئەنجام دەدات کە بەرەو ئامانجێکی دیاریکراو دەڕوات (Norvig 2021: 231).

**دووەم: پێناسە هاوچەرخەکان**

**١. بەپێی پێناسەی کۆمسیۆنی ئەورووپی (٢٠١٩)**، زیرەکی دەستکرد سیستەمێکە کە تایبەتمەندی زیرەکی لە خۆی نیشان دەدات لەڕێگەی توانای شیکردنەوە و تێگەیشتن لە ژینگەی دەوروبەری؛ توانای بڕیاردان و ئەنجامدانی کرداری گونجاو بە شێوەیەکی سەربەخۆ (تا ئاستێکی دیاریکراو) بۆ بەدیهێنانی ئامانجە دەستنیشانکراوەکان. ئەم پێناسەیە جەخت لەسەر هەردوو توانای تێگەیشتن و خۆگونجاندن دەکات وەک بنەمای زیرەکی (High 2019: 13).
**٢. کاپلان و هەینلەین (٢٠١٩):** زیرەکی دەستکرد توانای سیستەمێکە بۆ لێکدانەوەی داتای دەرەکی بە دروستی، فێربوون لەم داتایانەوە، و بەکارهێنانی ئەم فێربوونانە بۆ گەیشتن بە ئامانجی دیاریکراو لە ڕێگەی خۆگونجاندنی بەپێی بارودۆخ (Kaplan, 2019: 380)
**٣. پەیمانگای ئەندازیارانی کارەبا و ئەلەکترۆنیک** (Institute of Electrical and Electronics Engineers) پێناسەی زیرەکی دەستکرد دەکەن بەوەی: زیرەکی دەستکرد توانای سیستەمێکە بۆ بەدەستهێنان و جێبەجێکردنی زانین و زانیاری بۆ ئەنجامدانی تێگەیشتنی پێشکەوتوو، بیرکردنەوە، فێربوون، پلاندانان، تێکهەڵچوون، و کارلێک لەگەڵ ژینگەی فیزیکی و دیجیتاڵیدا (IEEE, 2019: 141).

**سێیەم: ناوەڕۆکی میدیایی**

ناوەڕۆکی میدیایی چەمکێکی فرەڕەهەندە، کە پێناسەکردن و خستنەناو چوارچێوەیەکی دیاریکراو بە تەواوی ئاڵۆزە. لە ڕوانگەی زانستی پەیوەندییەکانەوە، ناوەڕۆکی میدیایی بریتییە لە "هەر شێوازێکی پەیام، زانیاری، یان بابەت، کە لە ڕێگەی کەناڵە میدیاییەکانەوە دەگاتە وەرگر و مەبەستێکی دیاریکراو لەخۆدەگرێت (McQuail, 2010: 57)
لە ڕوانگەی تیۆری نیشانەکان (سیمیۆلۆژی)، ناوەڕۆکی میدیایی وەک "کۆمەڵێک نیشانە (signs)یە، کە لە ناواخنی خۆیدا هەڵگری چەندین مانای کۆمەڵایەتی، کەلتووری، و ئایدیۆلۆژی "یە و لەم ڕوانگەیەوە ناوەڕۆکی میدیایی پێناسە دەکرێت بەوەی، کە "ناوەڕۆکی میدیایی کۆمەڵێک مانا و دەلالەتی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ هەڵدەگرێت"(Barthes, 1972: 126)
بەپێی بۆچوونی پسپۆڕانی وەک (لیتلجۆن و فۆس) ناوەڕۆکی میدیایی "بەرهەمێکی کۆمەڵایەتی-کەلتوورییە، کە لە ئەنجامی پرۆسەیەکی ئاڵۆزی بیرکردنەوە، بەرهەمهێنان، بڵاوکردنەوە، دروست دەبێت". کاتێک توێژەر لەم دەربڕینە ورد دەبێتەوە، دەتوانین بڵێین ئەم پێناسەیە جەخت لەوە دەکاتەوە کە ناوەڕۆکی میدیایی بە تەنها بەرهەمێکی تەکنیکی، یان هونەری نییە، بەڵکو فراوانترە لەوە، بەرهەمێکی کۆمەڵایەتییە، کە لە ناوخۆی پێکهاتەی کۆمەڵگاوە سەرچاوەی دەگرێت.
توێژەر و مامۆستای زانکۆی کلیڤلاند (کیمبرلی نیندوف- Kimberly Neuendorf)، ناوەڕۆکی میدیایی پێناسە دەکات بە "هەر بەرهەمێکی

پەیامدار، کە لەڕێگەی تەکنەلۆجیای پەیوەندی جەماوەری، یان دیجیتاڵییەوە بەرهەم دەهێنرێت و دەگوازرێتەوە" ئەم پێناسەیە تیشک دەخاتە سەر ڕۆڵی بنەڕەتی تەکنەلۆجیا لە بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی ناوەڕۆکی میدیاییدا، و جەخت لە گرنگی پەیام و مەبەستەکان دەکاتەوە، کە ناوەڕۆکەکان لەخۆدەگرن. لەم ڕوانگەیەوە، ناوەڕۆکی میدیایی تەنها بەرهەمێکی تەکنیکی نییە، بەڵکو هەڵگری پەیام و مەبەستێکی دیاریکراوە، کە لە ڕێگەی ئامراز جیاوازەکانەوە، یاخود پلاتفۆرمە جۆراوجۆرەکانی پەیوەندی جەماوەری و دیجیتاڵییەوە دەگات بە وەرگرەکان (Neuendorf, 2017: 34)

### ٢.١. تایبەتمەندییەکانی ناوەڕۆکی میدیایی

ناسینی ئەم تایبەتمەندیانە یارمەتیمان دەدات بە شێوەیەکی ئاگایانە و وردتر لە ناوەڕۆکی میدیایی تێبگەین، کە دەکرێت لە تایبەتمەندییەکاندا ڕوونی بکەینەوە بەم جۆرەی خوارەوە:

**١ .بەرهەمهێنراوە (Constructed)**

ناوەڕۆکی میدیایی بە شێوەیەکی سروشتی دروست نابێت، بەڵکو بەرهەمی پرۆسەیەکی ئەنقەستە کە چەندین بڕیاری هەڵبژاردن و ئامرازی تەکنیکی تێدا بەکار دەهێنرێت. ئەمە مانای وایە کە ناوەڕۆکی میدیایی هەمیشە لەلایەن بکەرێکەوە بەرهەم دەهێنرێت کە ئامانج و مەبەستی دیاریکراوی هەیە. هەموو بڕیارێک لە هەڵبژاردنی زاویەی کامێراوە بگرە تا دەنگ و ڕووناکی، کاریگەری لەسەر واتا و پەیامی کۆتایی دادەنێت. بەم شێوەیە میدیا وەک ئاوێنەیەکی سادە کار ناکات، بەڵکو هاوشێوەی هونەری بیناسازییە، کە بەپێی ئامانجی بەرهەمهێنەر دروستدەکرێت و شێوە وەردەگرێت (Buckingham, 2003: 115)

**٢ .کۆدکراوە (Coded)**

ناوەڕۆکی میدیایی سیستەمێکی کۆدکراوە، هێما و نیشانە بەکار دەهێنێت بۆ گەیاندنی مانا ڕاستەقینەکەی، کە بە تەواوەتی پەیوەستە بە ژینگە و پێکهاتە بنەڕەتییەکانی چوارچێوەیەکی دیاریکراوەوە، کە بەپێی سەرچاوە زانستییەکان هەر ناوەڕۆکێکی میدیایی دەکرێت دوو ئاستی مانا لەخۆ بگرێ (Barthes, 1972: 72).

- مانای ڕاستەوخۆ ئاستی دینۆتەیتیڤ (Denotative): مانای ڕاستەوخۆ و فەرهەنگی پەیامەکە دەگەیەنێت، واتا ئەوەی کە بە ڕاشکاوی دەبینرێت، یان دەخوێنرێتەوە بۆ نموونە: وێنەی گوڵێک = گوڵ
- مانای ناڕاستەوخۆ ئاستی کۆنۆتەیتیڤ (Connotative): مانای ناڕاستەوخۆ، کەلتووری و دەلالی، ئەو مانایانەی، کە لەپشت ناوەرۆکەکەوە شاراوەن دەگەیەنێت بۆ نموونە: هەمان گوڵ = خۆشەویستی، جوانی، مردن.

**٣ .کاریگەرە (Effective)**

ناوەڕۆکی میدیایی بۆ دروستکردنی کاریگەرییەکی دیاریکراو دیزاین کراوە. ئامانجی سەرەکی میدیا بەشێوەیەکی گشتی کاریگەریدانانە لەسەر بیرکردنەوە، هەڵسوکەوت، یان هەست و سۆزی وەرگر. ئەم کاریگەرییە دەتوانێت ڕاستەوخۆ بێت وەک ڕیکلامێکی بازرگانی، کە دەیەوێت هاندان بۆ پرۆسەی کڕین بکات، یان ناڕاستەوخۆ بێت وەک فیلمێک، کە ئامانجییەتی نەریتە کۆمەڵایەتیەکان بگۆڕێت. بۆیە هەموو ناوەڕۆکێکی بەرهەمهێنراوی میدیایی بە ئامانجێکی دیاریکراوەوە دەبەسترێتەوە و بێ مەبەست، یان بێلایەن نییە. ئەمە پێویستی ئاستی تێگەیشتن و وردبینی وەرگر هەیە بۆ ناسینەوەی ئەم ئامانجانە (Buckingham, 2003: 78)

**٤ .وابەستەیە بە کۆنتێکستەوە (Contextual)**

هیچ ناوەڕۆکێکی میدیایی لە بۆشاییدا کار ناکات، بەڵکو لە چوارچێوەی کۆنتێکستی کۆمەڵایەتی، کەلتووری، سیاسی، و مێژوویدا ماناکانی دەخوێنرێتەوە و مانای پێدەدرێت. هەمان ناوەڕۆک دەتوانێت مانای جیاوازی هەبێت بەپێی شوێن، کات، وکەسانی بینەر. بۆ نموونە، ڕەنگی سپی لە کۆمەڵگەیەکی ئاسیایی وەک هیندستان مانای پرسەباری و ناخۆسی دەگەیەنێت، خۆشبەختی و بەرەکەت دەگەیەنێت، بەڵام لە کۆمەڵگەیەکی ڕۆژئاواییدا دەتوانێت هێمای ئاستی و خۆشبەختی بگەیەنیت. بۆیە تێگەیشتن لە میدیا پێویستی بە ناسینی کۆنتێکستی کۆمەڵایەتی وکەلتووری ئەوکۆمەڵگایەوە هەیە، کە تێیدا بەرهەم هاتووە (Hall, 1972: 92)

**٥ .فرە ڕەهەندییە (Multi-dimensional)**

ناوەڕۆکی میدیایی چەندین ڕەهەندی هەیە - شێوازی، ناوەڕۆکی، فۆرمی، ئایدیۆلۆژی، و بونیادی. هەر یەکێک لەم ڕەهەندانە بە پلان بۆدارێژراو و بەپێی بەرنامەیەکی ستراتیژی ئاراستەی وەرگر دەکرێن. ڕەهەندی شێوازی پەیوەندی بە فۆرم و چۆنیەتی پێشکەشکردنەوە، لە ڕووی ڕەنگ و دیزاینەوە هەیە، لە کاتێکدا ڕەهەندی ناوەڕۆکی پەیامەکە بریتییە لە پەیام و زانیاری ڕاستەوخۆ. ڕەهەندی ئایدیۆلۆژیش ئەو بیروباوەڕانە دەگرێتەوە، کە لە پشت ناوەڕۆکەکەوە شاراوەن و نادیارن. ئەم فرە ڕەهەندییە وای دەکات، کە تێگەیشتن لە ناوەڕۆکی میدیا پێویستی بە شیکردنەوەیەکی قوڵی چەندلایەنە هەبێت(Ze-Nian Li, Mark S. Drew, Jiangchuan Liu, 2006: 53 ).

**٦ .بەشداریکەرانە (Participatory)**

میدیای نوێ ڕێگا بە بەکارهێنەران دەدات نەک تەنها وەرگری پەیام بن، بەڵکو بەرهەمهێنەری ناوەڕۆکیش بن و لە کۆمەڵگەی میدیاییدا بەشدارییەکی کارایان هەبێت. ئەم گۆڕانکارییە لە میدیای نەریتی بۆ میدیای دیجیتاڵی هێزی بەرهەمهێنان لە دەستی کۆمپانیا گەورەکانەوە بۆ تاکەکەسان گواستۆتەوە. ئێستا هەر کەسێک دەتوانێت ناوەڕۆک دروست بکات، دەنگی ببیسترێت و هاوتەریب لەگەڵ کۆمەڵگەی جیهانیدا کارلێک بکات. ئەمە دەرفەتی گەورەی بۆ دامەزراندنی دیموکراسیەتی میدیایی و بەشداریکردنی کۆمەڵایەتی دروست کردووە، لەهەمانکاتدا ئاڵەنگاریی نوێشی۔ لەگەڵ خۆیدا هێناوە، کە لەم باسەی توێژینەوەکەدا ناچینەسەری و لە باسەکانی تر تاوتێ دەکرێت (Jenkins, 2006: 347)

### چوارەم: دەرفەت و ئاڵەنگارییەکانی زیرەکی دەستکرد

**١. دەرفەتەکانی زیرەکی دەستکرد**

**١.١ زیرەکی دەستکرد وەک ژێرخانێکی نوێی داهێنان**

تەکنەلۆجیای زیرەکی دەستکردی دروستکەر (Generative AI) وەک بازدانێکی گەورە لە گەشەی زیرەکی دەستکرددا پێناسە دەکرێت، کە کاریگەری قووڵی لەسەر دینامیکی کۆمەڵایەتی و کلتووری هەیە (Feher, 2025: 380) ئەم تەکنەلۆجیایە لە قۆناغێکی تاقیکارییەوە گۆڕاوە بۆ ئەوەی ببێتە ژێرخانێکی بنەڕەتی لەناو پیشەسازییە داهێنەرەکاندا، یەکێک لە گەورەترین دەرفەتەکان بریتییە لەوەی دەتوانێت ناوەڕۆکی ڕەسەن و نوێ وەک دەق، کۆدی کۆمپیوتەر، وێنە، دەنگ و ڤیدیۆ لە وەڵامی فەرمانێکی سادەدا بەرهەم بهێنێت، ئەم گۆڕانکارییە وا دەکات کاری میدیاکاران و بەرهەمهێنەرانی ناوەڕۆکی میدیایی ئاسان بکات(Creative, 2025: 57). چونکە دەرفەت دەدات بەوەی لە جیاتی تێپەڕین بە قۆناغەکانی پرۆسەی بەرهەمهێنان وەک (پیش بەرهەمهێنان، بەرهەمهێنان، دوای بەرهەمهێنان) زیرەکی دەستکردی دروستکەر پشتگیری لە هەموو قۆناغەکانی بەرهەمهێنانی ناوەڕۆک دەکات لە یەککاتدا هەر لە بنیادنانی بیرۆکەوە تاکو دەگاتە بەرهەمهێنانی کۆتایی و قۆناغی پۆست-پرۆدەکشن.)سەرچاوە( (سام ئاڵتمان) جەخت دەکاتەوە کە ئەم ئامرازانە وا دەکەن مرۆڤ بتوانێت بە خێراییەکی بێوێنە ئایدیاکانی بەرجەستە بکات، بۆ نموونە دروستکردنی نەرمەکاڵایەکی سادە، یان یارییەک کە پێشتر کاتژمێرەهاکاتی دەویست، ئێستا لە چەند چرکەیەکدا ئەنجام دەدرێت (Abram, 2024: Interview) هەر بۆیە ئەم ئاستە لە توانای بەرهەمهێنان ڕێگە بە میدیاکاران و بەرهەمهێنەرانی ناوەڕۆکی میدیایی دەدات، کە زیاتر سەرنج بخەنە سەر لایەنە ستراتیژی و جەوهەرییەکانی کارەکانیان لە پرۆسەکانی بەرهەمهێناندا (Rostamian, 2024: 30)

**٢.١ شۆڕش لەمیدیا و بەرهەمهێنان**

زیرەکی دەستکرد دەرفەتێکی زێڕین دەداتە بەرهەمهێنەرانی ناوەڕۆکی میدیایی بۆ ئەوەی لە (سووڕی بێ کۆتایی - Endless Cycle ) واتە پرۆسەیەک، یان کارێک، کە بەردەوام دووبارە دەبێتەوە ڕزگاریان بێت و کاتی زیاتر بۆ لێکۆڵینەوەی قووڵ تەرخان بکەن، بۆ نموونە ئامرازەکانی وەک ChatGPT و مۆدێلە گەورەکانی زمان (LLMs) دەتوانن لە نوسینی بیرۆکە و هەواڵ، کورتکردنەوەی دەقە درێژەکان و شیکردنەوەی داتاکاندا یارمەتیدەر بن (Dodds, 2025: 217) لە پەیوەست بەم بابەتەوە دیارترین بابەت نموونەیەکی دیارە، کە ئەویش پڕۆژەی ( News Tracer)ی کۆمپانیای ڕۆیتەرزە، کە توانیویەتی لە ڕێگەیەوە ڕووداوی تەقینەوە و هێرشە تیرۆریستییەکان زۆر پێش میدیاکانی تر بدۆزێتەوە لەڕێگەی شیکردنەوەی خێرای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە، ئەم جۆرە ئامرازانە توانای دۆزینەوەی چیرۆک و گۆشەنیگای نوێیان هەیە کە زۆرجار لەلایەن مرۆڤەوە نابینرێن ((Radcliffe, 2025: 17).

جگە لە کارە ڕۆتینییەکان، زیرەکی دەستکرد دەتوانێت ناوەڕۆکەکان بۆ زمانە جیاوازەکان و کلتوورە جیاوازەکان بگونجێنێت (Localization) ئەمە ڕێگە دەدات دەزگاکانی میدیا بە خێراییەکی زۆر چیرۆکەکانیان بە زمانگەلێکی زۆر بڵاو بکەنەوە و بگەنە دەست جەماوەرێکی فراوانتر (Dutkiewicz, 2025: 16). هەروەها بەکارهێنانی "لۆجیستی چیرۆک (Story logistics) "وا دەکات کە وەڵامدانەوەی جەماوەر و کارلێکەکانیان بە تایبەت بکرێن، بە جۆرێک کە هەر بەکارهێنەرێک هەست بکات ناوەڕۆکەکە تایبەتە و بۆ ئەو ئامادە کراوە، هاوشیوەی میدیای تایبەتمەند ئەم ئاستە لە تایبەتمەندی دەبێتە هۆی بەهێزتربوونی پەیوەندی نێوان جەماوەر و دەزگا میدیاییەکان و بەرهەمهێنەرانی ناوەڕۆک (Content Creator) کە کاری بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکی جیاواز دەکەن (Elinjulliparambil, 2025: 48)

**٣.١ بەرهەمهێنانی وێنە و ڤیدیۆی پێشکەوتوو**

لە بواری بەرهەمهێنانی کەرەستەکانی بینراودا وەک (وێنە و ڤیدیۆ)، مۆدێلەکانی زیرەکی دەستکرد بەهێزن توانای دروستکردنی وێنەی "زۆر ڕاستەقینە (Hyper-realistic) "هەیە کە جیاکردنەوەیان لەگەڵ وینە و ڤیدیۆی ڕاستی ئەستەمە ئەمە دەرفەتێکی گەورە بۆ پیشەسازییەکانی وەک بەرهەمهێنانی ریکلام و سینەما دەرەخسێنێت بۆ دروستکردنی "سێتی مەجازی (Virtual sets) "و ئەنجامدانی کاری مۆنتاژ بە کەمترین تێچوو و کات (Rostamian, 2024: 120). تەکنیکەکانی وەک "Video-to-video synthesis" ڕێگە دەدەن ڤیدیۆی نوێ دروست بکرێت لەسەر بنەمای سکێچێکی سادە، یان جوڵەی مرۆڤ، کە ئەمەش پرۆسەی دروستکردنی فلیم و ئەنیمەیشن خێراتر دەکات (Wang, 2018: 259) .هەروەها زیرەکی دەستکرد دەتوانێت ڤیدیۆ کەم-کوالێتییەکان بۆ کوالێتی بەرز (2K) بگۆڕێت و جوڵەکان بە شێوەیەکی سروشتی ڕێک بخاتەوە ئەم توانایە لە بەرهەمهێنانی "میدیای دەستکرد (Synthetic Media) "دا، وەک دروستکردنی کاراکتەرە دیجیتاڵییەکان، یان مۆدێلە سێ ڕەهەندییەکان (3D)، وا دەکات کە ئاستەنگە تەکنیکییەکان بۆ کەسانی ئاسایی و کەم ئەزموون کەم ببنەوە و هەمووان بتوانن ناوەڕۆکی بینراوی ئاڵۆز بەرهەم بهێنن، ئەمە نەک هەر تێچووی بەرهەمهێنان کەم دەکاتەوە، بەڵکو فەزای گەڕان و تاقیکردنەوەی هونەری بۆ سینەماکاران و گرافیک دیزاینەران فراوانتر دەکات (Bhatnagar, 2022: 71)

**٤.١ کارایی ئابووری و کەمکردنەوەی خەرجی**

زیرەکی دەستکرد وەک "هێزێکی زیادکەر (Force multiplier) "بۆ داهێنەرە سەربەخۆکان(Content Creator) و کۆمپانیا بچووکەکان کار دەکات، کە ڕێگەیان پێدەدات بە بودجەیەکی کەم پرۆسەیەکی گەورەی بەرهەمهێنان ئەنجام بدەن، کە پێشتر تەنها ستۆدیۆ گەورەکان دەیانتوانی ئەو کارانە بە ئەنجام بگەیەنن (Elinjulliparambil, 2025: 14) ئەم تەکنەلۆجیایە تێچووی "یەکەم ڕەشنووس-Time-to-) " first-draft(بە شێوەیەکی بنەڕەتی کەم دەکاتەوە، هەر لە پەیوەست بەو کاریگەرییەوە پرۆفیسۆر خاتوو (Prof. Yang Yefei) مامۆستا لە زانکۆی بەیجینگ بۆ زانست و تەکنەلۆجیای زانیاری (Beijing Information Science and Technology University) باس لە کاریگەریی تەکنەلۆجیای زیرەکی دەستکرد دەکات لە بواری مارکێتینگ و بازرگانیدا، جەخت دەکاتەوە لەوەی زیرەکی دەستکرد دەرفەتێکی ڕەخساندووە، کە ڕێگە دەدات بە بەرهەمهێنانی چەندین جۆری جیاواز لە ریکلام و ناوەڕۆکی میدیایی هەمەچەشن، بە ئامانجی ئەوەی بزانرێت کام جۆری ناوەڕۆک باشترین کارلێکی جەماوەری دروست دەکات و کاریگەریی بەهێز و ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر وەرگرەکان،

هەروەها باس لەو شیوازە دەکات، کە لە وڵاتی چین بەکار دەهێندریت بۆ دەستخستنی ئەو کاریگەرییە، ئەویش بەکارهێنانی چەناڵەکانی پەخشە (Live Streaming) لە هەموو ئەو پلاتفۆڕمانەی کە لە ولاتی چین بەردەستن، هەروەها خاڵی هەر بەهێز و جیاکەرەوە لە وڵاتی چین ئەوەیە، کە هەموو ئەو ناوەڕۆکانەی بەرهەم دەهێندرێن (Culture Based Scenario) هەڵقوڵاو و ڕەنگدانەوەی کلتوری چینین (چاوپێکەوتنی توێژەر: ٢٠٢٥/٨/٢٥ بەیجینگ- چین).
ئەم ئاسانکاری و هەمەچەشنەی ناوەڕۆکی بەرهەمهێنراو بە مۆدێلەکانی زیرەکی دەستکرد وا دەکات، کە سەرچاوە داراییەکانی کۆمپانیا میدیاییەکان ئاژانسەکانی بەرهەمهێنان لە قۆناغی "بەرهەمهێنانی قورس"ەوە بگوازرێنەوە بۆ قۆناغی "ستراتیژ و داهێنان" ئەمەش بە بەکارهێنانی ئۆپەراسیۆنە داهێنەرەکان(CreOps) کە پشت بە زیرەکی دەستکرد دەبەستن، ئەمەش دەبێتە هۆی باشتربوونی بەڕێوەبردنی سەرچاوەکان و دووبارە بەکارهێنانەوەی ناوەڕۆکە ئەرشیفکراوەکان، هەروەها، زیرەکی دەستکرد دەتوانێت یارمەتی کۆمپانیاکان بدات لە دۆزینەوەی سەرچاوە و مۆدێلی نوێی داهات لەڕێگەی تایبەتمەندکردنی ریکلامەکان و پێشبینیکردنی ڕەفتاری بەکارهێنەران لەسەر بنەمای داتاکان (Rostamian, 2024: 102).

### ٥.١ دیمۆکراتیزەکردنی داهێنان و ئاسۆکانی داهاتوو

یەکێک لە گرنگترین دەرفەتە مرۆییەکانی تەکنەلۆجیای زیرەکی دەستکرد بریتییە لە دیمۆکراتیزەکردنی داهێنان؛ واتا ئەو کەسانەی کە شارەزایی تەکنیکی، یان ئەزموونی دە ساڵەیان نییە لە ژەنینی ئامێرێک، یان وێنەکێشاندا، ئێستا دەتوانن بیرۆکە و ئایدیا هونەرییەکانیان و چیرۆکەکانیان بەرهەم بهێنن. ئەمە وای کردووە کە "داهێنەری ڕۆژانە (Everyday creativity) "گەشە بکات و چیتر داهێنان تەنها بۆ "نەوابغەکان" و کەسە هەڵبژێردراوەکان نەبێت.. زیرەکی دەستکرد توانای گواستنەوەی ستایلی هونەری(Style transfer) ی هەیە، کە ڕێگە دەدات هەر کەسێک بتوانێت بە ستایلی هونەرمەندە گەورەکان وێنە، یان ڤیدیۆ دروست بکات (Ruszev, 2024: 67)
لە پەیوەست بە داهێنان و کارلێککردنی مرۆڤ و زیرەکی دەستکرد "سام ئاڵتمان - Sam Altman"ی بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیای OpenAI، کە پەرەپێدەری ChatGPT و GPT-5ە، ئەم پێشکەوتنە تەنیا شۆڕشێکی تەکنەلۆجی نیە، بەڵکو وەکو گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە شێوازی کارکردن و بەرهەمهێنانی ناوەڕۆک و داهاتووی مرۆڤایەتی دادەنرێت. "ئاڵتمان" ئومێد دەکات کە خەڵک مۆدێلەکانی AI وەک ئامرازێک بەکاربهێنن بۆ یارمەتی بیرکردنەوە، نەک بۆ هەڵاتن لە بیرکردنەوە، وەک ئامرازێک سودی لێوەرگرن بە تایبەت لەکاتی " گرژبوونی هۆش" (cognitive time under tension)، واتە ئەو کاتەی بەردەست نییە و دەتەوێت زۆرترین کاری تێدا بکەیت بۆ نموونە دەکرێت لە نوسینی ئیمەیڵێک و گەڕان بەدوای زانیاریی پوختەکراو لەسەر بابەتیک سودمەند بیت و ئاستی گرژبوونی هۆش کەم بکاتەوە، نەک وازهێنان لە بیرکردنەوە و هەڵاتن لێی (Abram, 2024: Interview).

## دووەم: ئاڵەنگارییەکانی زیرەکی دەستکرد

### 1. لایەنگیریی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی لە مۆدێلە دروستکەرەکاندا

یەکێک لە گەورەترین ئاڵەنگارییە ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییەکانی بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد، بوونی لایەنگیری (Bias) و دیدگا زیانبەخشەکانە لەناو ئەو وێنە و ڤیدیۆ و ناوەڕۆکە میدیاییانەی، کە بەرهەم دەهێنرێن ئەم لایەنگیرییانە زۆرجار لەوەوە سەرچاوە دەگرن، کە مۆدێلەکان لەسەر داتا گەورەکانی مرۆڤ ڕاهێنراون، کە خۆیان لایەنگیری کلتووری، ڕەگەزی، یان جێندەرییان تێدایە. کاتێک سیستەمەکە ئەم داتایانە پرۆسێس دەکات، نەخشە لایەنگرەکان دووبارە بەرهەم دەهێنێتەوە و زۆرجار بەهێزتریان دەکات، ئەمەش دەبێتە هۆی بڵاوکردنەوەی وێنەی نادروست و چەواشەکارانە لەبارەی گروپە جیاوازەکانی کۆمەڵگە چوارچێوە یاسایی و ڕێکخستنییەکانی ئێستا بە تەواوی ناتوانن ئەم مەترسییانە کەم بکەنەوە، چونکە تەکنەلۆجیایکە بە خێراییەکی زۆرتر لە یاساکان بەرەوپێش دەچێت نەبوونی ئەم ڕێکخستنە وا دەکات کە میدیاکاران و کۆمپانیاکان بەبێ هەبوونی ستانداردێکی ئەخلاقیی ڕوون، ناوەڕۆکەکان بڵاو بکەنەوە، کە ئەمەش مەترسی جدی بۆ سەر یەکسانیی کۆمەڵایەتی دروست دەکات پێویستە میدیاکاران و بەرهەمهێنەرانی ناوەڕۆک (Content Creator) لە کاتی دیزاینکردنی فەرمانەکان (Prompts)دا زۆر وریای ئەم لایەنگیرییانە بن و بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە سەیری بەرهەمەکان بکەن(Feher, 2025: 36).
بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم ئاڵەنگارییە، پێویستییەکی زۆر بە هەبوونی تیمی فرەچەشن و "Red-teaming" هەیە بۆ پشکنینی مۆدێلەکان پێش ئەوەی بەرهەمەکانیان بگەنە دەست جەماوەر. ئەم پرۆسەیە بریتییە لەوەی، کە بە ئەنقەست هەوڵ بدرێت مۆدێلەکە تووشی هەڵە و لایەنگیری بکرێت تاوەکو خاڵە لاوازەکانی دەربکەون. بەبێ ئەم جۆرە پشکنینانە، زیرەکی دەستکرد دەبێتە ئامرازێک بۆ جێگیرکردنی (Stereotype)* کۆنەکان و تێکدانی فرەیی کلتووری لە ناوەڕۆکی میدیاییدا(Abram, 2024: Interview).

### 2. بڵاوبوونەوەی زانیاری هەڵە و مەترسیی "ساختەکاریی قووڵ"

بڵاوبوونەوەی وێنە و ڤیدیۆ دەستکردەکان لە فۆرمە دیجیتاڵییەکاندا، بووەتە هۆی دروستبوونی گەورەترین مەترسی بۆ سەر متمانەی میدیایی و بڵاوبوونەوەی زانیاری هەڵە (Misinformation)، چونکە تەکنەلۆجیای زیرەکی دەستکرد ڕێگە دەدات بە دروستکردنی ناوەڕۆکێکی ساختە "فێڵاوی" کە جیاکردنەوەی لە واقیع یەکجار قورسە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی، کە جەماوەر چیتر متمانەیان بەو شتانە نەمێنێت، کە دەیبینن. ئەم دیاردەیە بە تایبەت لە کاتی هەڵبژاردنەکان و قەیرانە نیشتمانییەکاندا دەبێتە هەڕەشەیەکی جدی بۆ سەر ئاسایش و سەقامگیری (Feher, 2025: 23).
مەترسییەکانی ساختەکاریی قووڵ (Deepfakes) تەنها لە ئاستی تاکەکەسیدا کورت نابنەوە، بەڵکو دەکرێت بۆ دەستکاریکردنی ڕای گشتی لەسەر ئاستی جیهانی بەکاربهێنرێن.. ئەم جۆرە ڤیدیۆ و دەنگە ساختانە دەتوانن ناوبانگی کەسایەتییەکان بشێوێنن، یان تەنانەت ببنە هۆی دروستبوونی تەنگژەی سیاسی لە نێوان وڵاتاندا پرۆژە نێودەوڵەتییەکانی وەک "MediFor" هەوڵ دەدەن بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ئەم

ساختەکاریانە بدۆزنەوە، بەڵام هێشتا گەشەی تەکنەلۆجیای دروستکردن خێراترە لە ڕیکار و هەنگاوەکانی دۆزینەوە.The)،(143 :2025
ئەمە جگە لەوەی، میدیاکاران ڕووبەڕووی ئاڵەنگارییەکی تر دەبنەوە، کە ئەویش پاراستنی بابەتیبوون و ڕاستگۆییە لە ژینگەیەکدا کە لێوانلێوە لە وێنەی دەستکرد. مەترسی "ئۆتۆماتیککردنی چەواشەکاری" وا دەکات کە بەرهەمهێنانی هەواڵی ناڕاست زۆر هەرزانتر و خێراتر بێت لە هەواڵی ڕاستەقینە.The)،(415 :2025 ئەمە پێویستی بەوە هەیە کە دەزگا میدیاییەکان سیستمێکی وردی پشکنینی ڕاستی "فاکت-چەکینگ" و پشتڕاستکردنەوەی سەرچاوەکان تاوەکو متمانەی جەماوەر بپارێزن(39 :Feher, 2025)

**3. شەفافییەت و کێشەی "سندووقە ڕەشەکە"**

سیستمەکانی زیرەکی دەستکرد، بەتایبەت مۆدێلەکانی فێربوونی قووڵ(Deep Learning) ، زۆرجار وەک "سندووقێکی ڕەش Black " (Box کار دەکەن، ئەمە بەو مانایەیە، کە تەنانەت بۆ پەرەپێدەرانیش هەمیشە ڕوون نییە، کە بۆچی سیستمەکە بڕیارێکی دیاریکراوی داوە، یان وەڵامێکی تایبەتی بەرهەم هێناوە.. ئەم نەبوونی شەفافییەتە کێشەی گەورە بۆ میدیاکاران دروست دەکات، چونکە ناتوانن لۆژیکی پشت زانیارییەکان، یان سەرچاوەی داتاکان بۆ جەماوەرەکەیان ڕوون بکەنەوە نەبوونی شەفافییەت دەبێتە هۆی لاوازبوونی متمانە و لێپرسینەوە. ئەگەر هەڵەیەک لە ناوەڕۆکێکی بەرهەم هێنراودا ڕوو بدات، دیاریکردنی بەرپرسیارێتی و سەرچاوەی هەڵەکە لەناو ملیارەها پارامەتری مۆدێلەکەدا کارێکی ئەستەمە. ئەمە پێویستی بەوە هەیە، کە کۆمپانیاکان پەنا ببەنە بەر جۆرێک لە زیرەکی دەستکرد، کە پێی دەگوترێت "زیرەکی دەستکردی ڕوونکەرەوە (Explainable AI )" تاوەکو بتوانن پرۆسەی بڕیاردانی ئامێرەکان بکەنە فۆرمێکی تێگەیشتوو بۆ مرۆڤ ,هەروەها زۆربەی بەکارهێنەران نازانن چی لە ناو داتابەیسە زەبەلاحەکاندایە، کە مۆدێلەکانی لەسەر ڕاهێنراوە، چونکە قەبارەکەیان لە توانای پشکنینی مرۆیی تێپەڕیوە. ئەم نادیارییە مەترسی ئەوەی هەیە، کە زانیارییە پارێزراو و نهێنییەکان ببنە بەشێک لە وەڵامە گشتییەکانیAI. بۆیە پێویستە دەزگاکانی میدیا ڕێکاری توند بگرنە بەر بۆ ئەوەی دڵنیا ببنەوە، کە داتاکانیان بە شەفافی پرۆسێس دەکرێت و بەها ئەخلاقییەکانی تێدا دەپارێزرێت(51-52 :Feher, 2025).

**4. مافی خاوەندارێتی هزری و ئاڵەنگارییەکانی کۆپیرایت (Copyright)**

بەکارهێنانی داتا پارێزراوەکان بۆ ڕاهێنانی مۆدێلە گەورەکانی زمان و وێنە، کێشەی یاسایی و ئەخلاقی یەکجار گەورەی دەربارەی مافی چاپ و خاوەندارێتی (Copyright) دروست کردووە. پەرەپێدەرانی زیرەکی دەستکرد زۆرجار بەبێ وەرگرتنی ڕەزامەندیی خاوەن مافەکان، یان پێدانی شایستەی دارایی، کارە هونەری و ئەدەبییەکانیان بۆ بەهێزکردنی سیستمەکان بەکارهێناوە. ئەمە وای کردووە کە زۆرێک لە هونەرمەندان و دەزگاکانی میدیا هەست بەوە بکەن، کە کارەکانیان دەدزرێت بۆ دروستکردنی ئامرازێک، یاخود ناوەڕۆکێکی تر، کە لە داهاتوودا کێبڕکێیان لەگەڵ دەکات (Cambridge University Press, 2023 ). ئاڵەنگارییەکی تر ئەوەیە کە ئایا بەرهەمی زیرەکی دەستکرد دەکرێت وەک خاوەندارێتی هزری پارێزراو سەیر بکرێت؟. زۆربەی یاساکانی کۆپیرایت (Copyright) لەسەر بنەمای "داهێنەریی مرۆیی" داڕێژراون، بۆیە قورسە ناوەڕۆکێک، کە تەنها بە فەرمانی مرۆڤ و لەلایەن ئامێرەوە دروست دەکرێت، لە بۆشاییەکی یاساییدایە. ئەم نادیارییە دەبێتە هۆی ئەوەی کە کۆمپانیا میدیاییەکان نەتوانن بە تەواوی پارێزگاری لەو بەرهەمانە بکەن، کە بە یارمەتی AI دروستیان کردووە :Feher, 2025) (39هەر بۆیە پسپۆران و شارەزایان جەخت لەوە دەکەنەوە، کە پێویستییەکی بەپەلە بە یاسای نوێ هەیە، کە گەشەپێدەرانی AI ناچار بکات سەرچاوەی داتاکانیان ئاشکرا بکەن و میکانیزمێکی دادپەروەرانە بۆ قەرەبووکردنەوەی داهێنەران دابنێن.The)،(358 :2025 بەبێ ئەمە، پیشەسازییە داهێنەرەکان تووشی داتەپین دەبن، چونکە بەهای کاری ڕەسەن لەناو شەپۆلی ناوەڕۆکە دەستکردەکاندا ون دەبێت. میدیاکاران دەبێت وریای بەکارهێنانی ئەو مۆدێلانە بن، کە لەسەر داتای نادیار ڕاهێنراون تاوەکو تووشی کێشەی یاسایی (Copyright) نەبن ((PRSA, 2025: 14) ).

**5. مەترسییەکان لەسەر هێزی کار و داهێنەریی مرۆیی**

"جیفری هینتن- Geoffrey Hinton " کە بە "باوکی زیرەکی دەستکرد (Godfather of AI) "ناسراوە، مەترسی لەسەر لەدەستدان و جێگرتنەوەی کارەکان (Job Displacement) دەخاتەروو، کە پێشتر پێی وابوو، تەنها دەکرێت کاریگەری هەبێت لەسەر ئاسانکاری لە ئەنجامدانی ئەرکەکان، بەڵام بۆچوونی "هینتن" لەبارەی کاریگەری لەسەر کارەکان گۆڕاوە و ئێستا پێی وایە زیرەکی دەستکرد مەترسییەکی گەورە دروست دەکات بە تایبەت بۆ هەر کارێکی ڕۆتینی، وەک کارەکانی سەنتەری پەیوەندییەکان، یاسانووسە ئاساییەکان، ئەرکە ڕۆتینییەکانی میدیاکاران، یان ژمێریاران.)سەرچاوە(
زۆرێک لە پسپۆڕانی میدیا نیگەرانن، کە زیرەکی دەستکرد جێگەی مرۆڤ بگرێتەوە و ببێتە هۆی لەدەستدانی کار (Job Displacement) ئەم ترسە بەتایبەت لە بوارەکانی وەک (نوسین، گرافیک دیزاین و مۆنتاژ)دا بەهێزە، چونکە سیستمەکان دەتوانن هەمان کار بە تێچوویەکی زۆر کەمتر و خێراییەکی زۆرتر ئەنجام بدەن. ئەم گۆڕانکارییە نەک هەر هەڕەشەیە بۆ سەر بژێوی ژیان، بەڵکو دەبێتە هۆی گۆڕینی سروشتی کاری میدیایی بە گشتی "CBS Interview: "Godfather of AI).

**6. بۆشایی مەعریفی و باڵادەستیی پەرەپێدەران**

یەکێکیتر لە ئاڵەنگارییە جدییەکان لە بەکارهێنانی زیرەکی دەستکردا بریتییە لە "بۆشایی مەعریفی(Knowledge gap) "، کە تێیدا تێگەیشتنی تەواوی سیستمەکان تەنها لەژێر دەستی پەرەپێدەرەکاندا دەمێنێتەوە. میدیاکاران و بەرهەمهێنەرانی ناوەڕۆک زۆرجار ئامرازەکان بەکاردەهێنن بەبێ ئەوەی بزانن چۆن کار دەکەن، یان سنوورەکانیان چییە، ئەمەش وایان لێدەکات متمانەی بێسنوور بە دەرەنجامەکان بکەن. ئەم ناهاوسەنگییەی دەسەڵات لە نێوان تەکنەلۆجیا و بەکارهێنەراندا، مەترسییەکی گەورەیەدروستدەکات بۆ سەربەخۆیی میدیایی (80 :Bournemouth University, 2024) زۆربەی ڕۆژنامەنووسان و میدیاکاران لە ئێستادا بە شێوەی "خودفێرکردن-Self " (taughtکار لەسەر مۆدێلەکانی زیرەکی دەستکرد دەکەن و هەڵی مەشق و ڕاهێنانی ئەکادیمی پێویستیان بۆ نەرەخساوە. نەبوونی ئەم

مەشقە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئامرازەکان بە شێوەیەکی ناپرۆفیشناڵ، یان هەڵە بەکاربهێنرێن، کە دەکرێت زیانی گەورە بە کوالیتی و ڕاستگۆیی ناوەڕۆک بگەیەنێت  پێویستە دەزگا میدیاییەکان وەبەرهێنانی زۆر لە ڕاهێنانی کارمەندەکانیاندا بکەن تاوەکو ململانێی ئەم بۆشاییە مەعریفییە بکەن(Radcliffe, 2025: 111).

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت، کە زۆربەی مۆدێلە پێشکەوتووەکان تەنها خاوەندارێتییان دەگەڕێتەوە بۆ چەند کۆمپانیایەکی زەبەلاحی دیاریکراو، ئەمەش جۆرێک لە "باڵادەستیی تەکنەلۆجی" دروست دەکات. بەرهەمهێنەرانی ناوەڕۆکی میدیایی و میدیاکاران ناچارن پابەند بن بەو مەرج و یاسایانەی، کە ئەو کۆمپانیایانە دایدەنێن، کە زۆرجار شەفاف نین و لە بەرژەوەندی میدیا و جەماوەردا نین. توێژەر بەپێویستی دەزانێت دامەزراوە میدیاییەکان دروستکردنی مۆدێلی ناوخۆیی و تایبەت بە یەکێکە لە چارەسەرە پێشنیارکراوەکان بۆ کەمکردنەوەی ئەم پشتپێبەستنە دەزانێت، بەڵام ئەمە پێویستی بە سەرچاوەی دارایی و مرۆیی زۆر هەیە، کە پێویستە لەو بوارەدا بخرێتەگەڕ.

**7. دابەشبوونی دیجیتاڵی و جیهانی باشوور (Global South)**

لە جیهانی باشوور(Global South) ، ئاڵەنگارییەکانی زیرەکی دەستکرد قورسترن بەهۆی "دابەشبوونی دیجیتاڵی" و نەبوونی دەستڕاگەیشتن بە تەکنەلۆجیای و ژێرخانی پێویست. زۆربەی مۆدێلە گەورەکانی زیرەکی دەستکرد لەسەر داتا و کلتوورەکانی وڵاتانی دەوڵەمەند و ڕۆژئاوایی ڕاهێنراون، ئەمەش مەترسی ئەوەی هەیە، کە کلتوور و زمانە ناوخۆییەکان لە جیهانی باشووردا پەراوێز بخرێن و بشێوێندرێن. ئەم ناهاوسەنگییە دەبێتە هۆی دروستبوونی جۆرێک لە "داگیرکاریی دیجیتاڵی".نەبوونی وەبەرهێنان لە تەکنەلۆجییە لۆکاڵییەکاندا وا دەکات، کە ئەم وڵاتانە تەنها وەک بەکاربەری تەکنەلۆجیاکانی ڕۆژئاوا بمێننەوە. میدیاکاران لە جیهانی باشوور ڕووبەڕووی ئاستەنگی زمانەوانی دەبنەوە، چونکە زۆربەی مۆدێلەکان لە زمانە ناوخۆییەکاندا ورد نین و تووشی هەڵەی گەورە دەبن، ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە جەماوەر لەم ناوچانەدا زانیاریی نادروست یان ناوەڕۆکی نامۆ بە کلتوورەکەیان پێy بگات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم مەترسییە، پێویستە هەوڵی نێودەوڵەتی هەبێت بۆ دابینکردنی دەستڕاگەیشتنی یەکسان بە سەرچاوە تەکنەلۆجییەکان و ڕاهێنانی مۆدێلەکان لەسەر داتای کلتووری جیاواز، جونکە بەبێ پشتگیری دەزگا نێودەوڵەتییەکان، بۆشایی نێوان میدیای دەوڵەمەند و هەژار فراوانتر دەبێت، کە ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر دیموکراسی و ئازادی ڕادەربڕین لە جیهانی باشووردا دەبێت. هەروەها گونجاندنی تەکنەلۆجی لەگەڵ پێداویستییە لۆکاڵییەکان نەک هەر ئاڵەنگارییەکی تەکنیکییە، بەڵکو ئاڵەنگارییەکی سیاسی و کلتوورییە  (International Journal: 2025).

**8. پاراستنی نهێنی و ئاسایشی داتا لە ژینگەی (AI)دا**

سیستەمەکانی زیرەکی دەستکرد مەترسی جدییان بۆ سەر نهێنیی کەسی (Privacy) و ئاسایشی داتا هەیە، بەتایبەت کاتێک داتا هەستیارەکان بۆ ڕاهێنانی مۆدێلەکان، یان لە کاتی بەکارهێنانیاندا بەکاردێن، زۆربەی ئامرازە گشتییەکانی وەک (ChatGPT) داتای بەکارهێنەران پاشەکەوت دەکەن بۆ باشترکردنی سیستەمەکە، ئەمەش وا دەکات، کە مەترسی دزەکردنی زانیاریە نهێنییەکانی ئاژانسەکانی بەرهەمهێنان و میدیاکان، یان سەرچاوە نهێنی و هەستیارەکانی میدیاکاران وەک مەترسییەک سەیر بکرێت (PRSA, 2025: 24) تەکنەلۆجیای "ناسینەوەی دەموچاو (Facial recognition) "یەکێکی ترە لە ئاڵەنگارییە گەورەکان بۆ سەر ئازادییە شەخسییەکان. لە میدیادا، بەکارهێنانی ئەم تەکنەلۆجیایە بۆ دۆزینەوەی کەسایەتییەکان لەناو وێنە و ڤیدیۆکاندا دەبێتە هۆی پێشێلکردنی مافی تایبەتێتی و دروستکردنی ژینگەیەکی چاودێریی بەردەوام، پێویستە میدیاکاران زۆر بە وریایییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم جۆرە داتایانەدا بکەن و پابەند بن بە یاسا توندەکانی پاراستنی داتا وەک " General Data Protection Regulation- GDPR "  کە یاسایەکی ئەورووپییە و لە ساڵی "2018" دەرکرا، بەمەبەستی پاراستنی مافی تاکەکان لە بەکارهێنانی زانیارییە کەسییەکانیاندا. جگە لەوە، ئاسایشی داتا بەرەو ڕووی هەڕەشەی سایبەری نوێ دەبێتەوە، کە تێیدا هاککەرەکان دەتوانن "داتای ژەهراوی (Data poisoning) " بخەنە ناو مۆدێلەکانەوە و وەڵامەکان بشێوێنن، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی دەزگایەکی میدیایی بەبێ ئاگاداری خۆی ناوەڕۆکێکی چەواشەکارانە، یان زیانبەخش بڵاو بکاتەوە، پاراستنی یەکگرتوویی داتاکان و دروستکردنی قەڵغانی بەرگریی بەهێز دەبێتە ئەرکێکی سەرەکی بۆ تیمە تەکنیکییەکانی میدیا (Feher, 2025: 79).

**9. کاریگەرییە ژینگەییەکان و بەکارهێنانی وزە**

ڕاهێنانی مۆدێلە گەورەکانی زیرەکی دەستکرد پێویستی بە بڕێکی یەکجار زۆر لە "هێزی هەژمارکاری (Compute Power) "و وزە هەیە، کە ئەمەش کاریگەری نەرێنی گەورەی لەسەر ژینگە دەبێت بۆ نموونە، پرۆسەی ڕاهێنانی مۆدێلێکی وەک GPT-4 یان Gemini بڕێکی یەکجار زۆر گازی کاربۆن بەرهەم دەهێنێت، کە هێندەی دەیان گەشتی فڕۆکەی دەوری جیهانە. ئەمە ئاڵەنگارییەکی ئەخلاقییە بۆ ئەو دەزگا میدیاییانەی کە بانگەشەی پاراستنی ژینگە دەکەن، هەروەها تێچووی ژینگەیی تەنها لە ڕاهێناندا نییە، بەڵکو لە هەر جارێک کە بەکارهێنەر فەرمانێک (Prompt) دەدات، سیستەمەکە وزە بەکاردەهێنێت. لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە کە دروستکردنی تەنها یەک وێنە بە "AI " دەکرێت هێندەی بارگاویکردنەوەی مۆبایلێک وزە ببات، لەسەر ئاستی جیهانی، ئەمە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی بەرچاوی خواست لەسەر وزە و زیانگەیاندن بە گەشەپێدانی بەردەوام (Sustainability) بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەمە، پێویستی بە دەسپێشخەریی "زیرەکی دەستکردی سەوز (Green AI) "هەیە کە تێیدا پەرەپێدەران کار لەسەر دروستکردنی ئەلگۆریزمە کاراکان دەکەن، کە وزەی کەمتریان دەوێت میدیاکاران دەتوانن بە کەمکردنەوەی تاقیکردنەوە ناپێویستەکان و بەکارهێنانی ئەو مۆدێلانەی، کە دۆستی ژینگەن، بەشداری لە کەمکردنەوەی ئەم زیانانەدا بکەن شەفافییەت لەبارەی "شوێنپێی کاربۆنی" مۆدێلەکان دەبێت ببێتە مەرجێکی سەرەکی بۆ کڕین و بەکارهێنانی هەر سیستمێکی زیرەک (International Journal: 2025).

**10. ئاستەنگی بەڕێوەبردن و "شۆردنەوەی ئەخلاقی"**

مەبەست لە دەستەواژەی شۆردنەوەی ئەخلاقی ئەوەیە، کە زۆرجار کۆمپانیا تەکنەلۆجییەکان پەنا دەبەنە بەر "شۆردنەوەی ئەخلاق  "

(Ethics washing) واتا بەکارهێنانی دروشمە ئەخلاقییە بریقەدارەکان بۆ شاردنەوەی ڕەفتارە ناڕاستەکانیان، یاخود بۆ ڕێگریکردن لە دانانی یاسای توند، ئەمە ئاڵەنگارییەکی گەورەیە بۆ میدیا، چونکە میدیاکاران دەبێت بتوانن لەو دروشمانە تێبگەنە ڕاستی و دروستیان بزانن ئایا سیستەمەکان بەڕاستی ئەخلاقین یان نا، نەبوونی پێوەرێکی یەکگرتووی جیهانی بۆ هەڵسەنگاندنی ئەخلاقیی زیرەکی دەستکرد ئەم کارەی ئاستەم کردووە ,لە لایەکی تریشەوە نەبوونی سەرکردایەتییەکی ڕوون لە دەزگا میدیاییەکاندا وا دەکات، کە کارمەندەکان بێسەروبەرانە و بەبێ ڕێنمایی مۆدێلەکانی زیرەکی دەستکرد بەکاربهێنن. ئەمە دەبێتە هۆی دروستبوونی مەترسی یاسایی و تێکچوونی "ناسنامەی براند"ی دەزگاکە. پێویستە هەر دامەزراوەیەکی میدیایی خاوەنی (Code of Conduct/Ethics)* کۆدی ڕەفتاری و سیاسەتێکی ڕوونی خۆی بێت کە کەی و چۆن و بۆچی زیرەکی دەستکرد بەکاردەهێنرێت و کەی بەکارهێنانی قەدەغەیە(Radcliffe, 2025: 101).

**تەوەری سێیەم: پراکتیکنامەی توێژینەوەکە**

لەم بەشەدا وەڵامی سامپڵی(مشتی) توێژینەوەکە دەربارەی پرسیارە سەرەکیەکانی فۆرمی ڕاپرسی توێژینەوەکە خراونەتەڕوو:

**خشتەی ژمارە (١)**
**زانیاری دیمۆگرافی و پیشەیی بەشداربووان**

| گۆڕاو | وردەکاری | دووبارە | ڕێژە% |
|---|---|---|---|
| **ڕەگەز** | مێ | 60 | 50.0% |
| | نێر | 60 | 50.0% |
| **تەمەن** | 20-25ساڵ | 62 | 51.7% |
| | 26-31ساڵ | 32 | 26.7% |
| | 31-36ساڵ | 15 | 12.5% |
| | + 36 ساڵ | 11 | 9.2% |
| **ئاستی خوێندەواری** | بەکالۆریۆس | 58 | 48.3% |
| | ماستەر | 32 | 26.7% |
| | دیپلۆمی باڵا | 14 | 11.7% |
| | دکتۆرا | 10 | 8.3% |
| | دیپلۆم | 6 | 5.0% |
| **بواری کار** | گرافیک دیزاین | 29 | 24.2% |
| | بەرهەمهێنانی ڤیدیۆ | 28 | 23.3% |
| | ڕۆژنامەوانی | 24 | 20.0% |
| | ناوەرۆکی دیجیتاڵی | 22 | 18.3% |
| | تەکنەلۆجیا | 10 | 8.3% |
| | ئەکادیمی | 7 | 5.8% |

بەپێی زانیارییەکانی خشتەی ژمارە (١)، کە وردەکاریی زانیاری دیمۆگرافی و پیشەیی(120) بەشداربووی ڕاپرسیەکە لەخۆ دەگرێت، لەبەر ئەوەی سامپڵی توێژینەوەکە ناهەڕەمەکی مەبەستدارانەیە دابەشبوونی ڕەگەز بە شێوەیەکی هاوسەنگە بەجۆرێک (50%) نێر و (50%) مێ، کە ئەمە ئاماژەیە بە نوێنەرایەتی هەردوو ڕەگەز لە نموونەکەدا. لەڕووی تەمەنەوە، ڕێژەی (52.0%) بەشداربووان لە تەمەنی 20-25 ساڵیدان، کە ئەمەش ڕەنگدانەوەی نەوەی گەنجی بەکارهێنەری ئامرازەکانی زیرەکی دەستکردە. سەبارەت بە ئاستی خوێندەواری، (48.0%) بەشداربووان بڕوانامەی بەکالۆریۆسیان هەیە، و ڕێژەی (26.7%) بڕوانامەی ماستەریان هەیە. لە بواری کارکردنیشدا، ڕێژەی (24.2%) بەشداربووان لە بواری گرافیک دیزاین و ڕێژەی(23.3%) بواریبەرهەمهێنانی ڤیدیۆ و ڕێژەی (20%) بەسداربووان لە بواری ڕۆژنامەوانی کار دەکەن.

**خشتەی ژمارە (٢)**
**ئاستی ئاگایی و بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد**

| بابەت | ئاست | دووبارە | ڕێژە% |
|---|---|---|---|
| **ئاستی ئاگایی** | زۆر ئاشنام | 37 | 30.9% |
| | تا ڕادەیەک ئاشنام | 45 | 45.5% |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | کەم ئاشنام | 28 | 23.6% |
| **ئاستی بەکارهێنان** | زۆر بەکاریدەهێنم | 40 | 33.3% |
| | تا ڕادەیەک بەکاریدەهێنم | 61 | 50.8% |
| | کەم بەکاریدەهێنم | 19 | 15.8% |
| **کاتژمێری ڕۆژانە** | کەمتر لە ١ کاتژمێر | 26 | 21.7% |
| | ١-٢ کاتژمێر | 46 | 38.3% |
| | ٣-٤ کاتژمێر | 19 | 15.8% |
| | ٥-٦ کاتژمێر | 12 | 10.0% |
| | زیاتر لە ٦ کاتژمێر | 2 | 1.7% |

خشتەی دووەم ئاستی ئاگایی و بەکارهێنانی بەرهەمهێنەرانی ناوەرۆکە سەبارەت بە زیرەکی دەستکرد ئەوە دەردەخات، کە بەشداربووان ئاستێکی باش، یان مامناوەندیان لە ئاگایی هەیە ڕێژەی (30.9%) زۆر ئاشنان، بە ڕێژەی (45.5%) تا ڕەدەیەک ئاشنایەتیان هەیە، لە کاتێکدا تەنها بە ئاستی کەم ئاگاییان هەیە، ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوەی، کە زۆرینەی بەرهەمهێنەرانی ناوەرۆک لە هەرێمی کوردستان بە ڕادەیەک ئاشنایەتییان هەیە بە تەکنەلۆجیای زیرەکی دەستکرد. سەبارەت بە ئاستی بەکارهێنان (50.8%)ی بەشداربووان ئاستی تا ڕادەیەک بەکاردەهێنن، و ڕێژەی (33.3%)ی ئاستی زۆر و ڕێژەی (15.8%) کەم بەکاری دەهێنن. (لە ڕووی کاتژمێرەکانی بەکارهێنانەوە)، زۆرینەیان بە ڕێژەی (38.3%) (١بۆ٢) کاتژمێر لە ڕۆژێکدا زیرەکی دەستکرد بەکاردەهێنن، ئەمەش ئاستی بەکارهێنانێکی مامناوەند دەخاتەڕوو.

**خشتەی ژمارە (٣)**
**دەرفەتەکانی بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد لە بواری بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکی میدیایدا**

| بابەت | هاوڕام | ڕێژە% |
|---|---|---|
| **زیرەکی دەستکرد کاتی بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکی میدیایی خێرا دەکات** | 83 | 69.2% |
| **بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد هاوکاریم دەکات بە کەمترین تێچوو ناوەڕۆک دروست بکەم** | 69 | 57.5% |
| **زیرەکی دەستکرد هاوکاریم دەکات لە بنیادنانی بیرۆکە و داهێناندا** | 30 | 25.0% |
| **زیرەکی دەستکرد کوالیتی ناوەڕۆکی بەرهەمهێنانی میدیایی بەرز دەکاتەوە** | 70 | 58.3% |

خشتەی سێیەم بەرزترین ڕێژەکانی هاوڕابوون لەگەڵ دەرفەتەکانی بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد دەردەخات .بەپێی ئەنجامەکان پرسیاری ژمارە (١) بەرزترین ڕێژەی هاوڕابوونی هەیە، کە بە ڕێژەی (69.2%) و ئاماژە بە زیادکردنی خێرایی بەرهەمهێنانی ناوەرۆک دەکات، هەروەها پرسیاری ژمارە (4) سەبارەت بە زیرەکی دەستکرد و کوالیتی ناوەڕۆکی بەرهەمهێنان بە ڕێژەی (58.3%) بەشداربووان هاوڕان، هەروەها پرسیاری ژمارە (2) بە ڕێژەی (57.5%) (ڕێژەی بەرزیان هەیە، کە ئاماژە بە کەمکردنەوەی تێچوو و باشترکردنی جۆرایەتی ناوەرۆک دەکەن، بەڵام پرسیاری ژمارە (٣) تەنها ڕێژەی (25.0%)  هاوڕابوون هەیە، لەسەر زیرەکی دەستکرد و لە بنیادنانی بیرۆکە و داهێناندا، کە ئەمەش ئاماژەیەکی نەرێنی زیرەکی دەستکردە. بە گشتی، ئەنجامەکان ئەوە پیشاندەدەن، کە بەرهەمهێنەران دەرفەتە ئابووری و تەکنیکییەکانی زیرەکی دەستکرد وەک زیادکردنی کارایی و کەمکردنەوەی تێچوو لە پێشەوە دادەنێن.

**خشتەی ژمارە (٤)**
**ئاڵەنگارییە سەرەکییەکانی بەکارهێنانی  زیرەکی دەستکرد**

| بابەت | هاوڕام | ڕێژە% |
|---|---|---|
| بەهۆی زانیاری هەڵە و چەواشەکارانەی زیرەکی دەستکرد، ئاستی متمانەی خەڵک بە میدیا لاواز بووە | 79 | 65.8% |
| زیرەکی دەستکرد پیویستی بە توانا و شارەزایی زۆر هەیە بۆ بەکارهێنان | 68 | 56.7% |

| | | |
|---|---|---|
| دروستکردنی ڤیدیۆی (Deepfake) هەڕەشەیەکی گەورەیە بۆ سەر بوونی متمانە لە نێوان وەرگر و سەرچاوەی هەواڵدا. | 74 | 61.7% |
| دامەزراوە میدیاییەکان لە هەرێمی کوردستان توانای ناسینەوەی دیپفەیکیان نییە | 49 | 40.8% |
| زیرەکی دەستکرد بە ئەندازەی مرۆڤ ڕۆڵی نییە لە بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکی کوالیتی بەرزدا | 26 | 21.7% |

خشتەی ژمارە چوار بەرزترین ڕێژەکانی هاوڕابوون لەگەڵ ئاڵەنگارییەکانی بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد دەردەخات. بەپێی ئەنجامەکان (65.8%)ی بەشداربووان (بەرزترین ڕێژەی هاوڕابوونی هەیە، کە ئاماژە بە نیگەرانی سەبارەت بە ڕاستگۆیی و دروستی زانیاری دەکات) سەبارەت بە دروستکردنی ڤیدیۆی (Deepfake) وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر متمانەی وەرگر ڕێژەی (61.7%) بەشداربووان هاوڕان. سەبارەت پێویستی توانا و شارەزایی بە زیرەکی دەستکرد (68) کەس بە ڕێژەی (56.7%) هاوڕان. سەبارەت بە توانای دامەزراوە میدیاییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ناسینەوەی ناوەڕۆک دروستکراو بەزیرەکی دەستکرد لە (40.8%)ی بەشداربووان، کە ژمارەیان (49) کەسە لەکۆی (120) کەس پێیان وایە دامەزراوەکان توانی ناسینەوەیان نییە، کە ئەمەش ڕێژەیەکی ئەرێنی و بەرزی توانای دامەزراوەکان لە ناسینەوە دەردەخات. سەبارەت بە توانای زیرەکی دەستکرد بەراورد بە  تواناکانی مرۆڤ لە بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکی کوالیتی بەرزدا ڕێژەی (21.7%)ی بەشداربووان، کە ژمارەیان (26) کەسە لەکۆی (120) کەس دەرخەری ئەو ڕاستییەیە، کە هێشتا زیرەکی دەستکرد ناتوانێت ئاستی تواناکانی مرۆڤ تێپەڕێنێ. ئەمە سەرەڕای ئەوەیبەرهەمهێنەران نیگەرانیی زۆریان هەیە سەبارەت بە کێشە ئەخلاقی و پیشەییەکانی زیرەکی دەستکرد، بەتایبەتی لە بابەتی ڕاستگۆیی و زانیاریدا.

**خشتەی ژمارە (٥)**
**ئامرازە بەکارهاتووەکانی زیرەکی دەستکرد**

| ئامراز | دووبارە | ڕێژە% |
|---|---|---|
| ChatGPT | 39 | 32.5% |
| Runway ML | 28 | 23.3% |
| Adobe AI (Firefly, Premiere) | 27 | 22.5% |
| Microsoft AI | 24 | 20.0% |
| Midjourney | 22 | 18.3% |
| Claude AI | 22 | 18.3% |
| Leonardo AI | 22 | 18.3% |
| Google AI Studio | 21 | 17.5% |
| Canva AI | 21 | 17.5% |
| Sora AI | 21 | 17.5% |
| Grok AI | 19 | 15.8% |
| DALL-E | 19 | 15.8% |

خشـــتەی پێنجەم جۆری ئەو ئامرازانەی زیرەکی دەســـتکرد دەردەخات، کە بەرهەمهێنەران بەکاریدەهێنن بە ڕێژەی (32.5%) مۆدێلی (ChatGPT) بە پلەی یەکەم دێت، پلەی دووەم (Runway ML) بە ڕێژەی (23.3%) ، هەروەها (Adobe AI) بە پلەی ســـێیەم دیت بە ڕێژەی (22.5%) هەرچی ئامرازەکانی تری وەک (Midjourneyو Microsoft AI وClaude AIوDALL-E ) پلەکانی دواتریان گرتووە. ئەوەی لێرەدا گرنگە ئامرازەکان زیاتر تایبەتن بە بەرهەمهێنانی (وێنە و ڤیدیۆ و دەق)، کە هاوتایە لەگەڵ ئەو بوارانەی بەشـــداربووان (گرافیک دیزاین، بەرهەمهێنانی ڤیدیۆ، ڕۆژنامەوانی) کاری تیدا دەکەن. جۆراوجۆری ئامرازە بەکارهاتووەکان ئاماژە بە فراوانبوونی خێرای تەکنەلۆجیای زیرەکی دەستکرد و مۆدیلەکانی بەرهەمهێنان لەبواری میدیادا دەکا.

**دەرئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیارەکان**

**یەکەم: دەرئەنجامەکان**

- بەرزیی ئاستی ئاگایی بەرهەمهێنەرانی ناوەڕۆک لە هەرێمی کوردستان سەبارەت بە تەکنەلۆجیای زیرەکی دەستکرد لە ئاستێکی مامناوەندیدایە.
- بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد لە بەرهەمهێنانی ناوەرۆکی میدیاییدا یارمەتیدەرە بۆ زیادکردنی خێرایی بەرهەمهێنان و کەمکردنەوەی تێچوو، بەڵام نیگەرانی هەیە سەبارەت بە جۆرایەتی و ڕاستگۆیی ناوەڕۆک.
- تا ئاستی بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد بەرزتر بێت، پێویستە ڕێنماییە ئەخلاقیی و یاساییەکان ڕوون بن، بەپێچەوانەوە دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی زانیاری نادروست و لاوازبوونی متمانەی وەرگر.
- تا ئاستی هاوکاری نێوان مرۆڤ و تەکنەلۆجیا باڵا بێت، دەتوانرێت سوود لە زیرەکی دەستکرد وەربگیرێت بەبێ ئەوەی توانا هونەرییە مرۆییەکان و کاری داهێنەرانە لەدەست بچێت لەو پرسانەی پەیوەستن بە بەرهەمهێنانی ناوەرۆکی کوالیتی بەرزەوە.
- تا ئاستی تێگەیشتن لە زرەکی دەستکرد بەرزتر بێت، ئاستی مامەڵەی دروست لەگەڵ ئامرازەکانی زیاتر دەبێت. بەپێچەوانەشەوە نزمییەکەی دەبێتە هۆی بەکارهێنانی هەڵە و لەدەستدانی دەرفەتەکان.
- زۆرینەی بەرهەمهێنەرانی ناوەڕۆکی میدیایی پێیان وایە، کە زیرەکی دەستکرد دەبێت وەک ئامرازێکی یارمەتیدەر بەکاربهێنرێت، نەک وەک جێگرەوەی تەواو بۆ کاری مرۆیی.
- دەرەنجامەکان ئەوە دەردەخەن، کە دامەزراوە میدیاییە گەورەکان ئاستی بەکارهێنانی زیاتریان هەیە بەراورد بە دامەزراوە بچووکەکان، ئەمەش بەهۆی توانای ئابووری و شارەزایی تەکنیکی زیاتر.

**دووەم: ڕاسپاردەکان**

- دامەزراوە میدیاییەکان گرنگی بدەن بە پەروەردەکردن و ڕاهێنانی بەردەوامی کارمەندانیان سەبارەت بە بەکارهێنانی بەرپرسیارانەی تەکنەلۆجیای زیرەکی دەستکرد.
- حکومەتی هەرێمی کوردستان کاربکات بۆ دانانی یاسا و ڕێنماییە ئەخلاقییەکان بۆ بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد لە میدیادا بەمەبەستی پاراستنی مافی دروستکەر و متمانەی ناوەڕۆک.
- زانکۆکان بەتایبەتی بەشەکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری کاربکەن بۆ زیادکردنی وانە و مۆدیوڵی تایبەت بە زیرەکی دەستکرد لە بەرنامەکانی خوێندندا بۆ ئامادەکردنی نەوەی داهاتوو.
- سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان کاربکات بۆ ئەنجامدانی وۆرکشۆپ و سیمینار و کۆنفرانسی تایبەت بە زیرەکی دەستکرد بە تایبەت لە بواری ناوەڕۆکی میدیاییدا.
- دامەزراوە میدیاییەکان پلانی ستراتیجی دیجیتاڵی دابڕێژن، کە بەکارهێنانی بەرپرسیارانەی ئامرازەکانی زیرەکی دەستکرد لەخۆبگرێت، لەگەڵ چاودێری مرۆیی بەردەوام.

**سێیەم: پێشنیارەکان**

- ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر (کاریگەریی بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد لەسەر جۆرایەتی و باوەڕپێکراوی ناوەرۆکی میدیایی) بە ڕێکار و ئامرازی جیاوازتر وەک شیکاری ناوەڕۆک، بەجۆرێک، کە لایەنێکی تری پەیوەست بە دەرخستنی کاریگەریی زیرەکی دەستکرد لەسەر ڕاستگۆیی و وردبینی بخاتەڕوو کە ئەم توێژینەوەیە لەبەر کەمی مەوداکە نەیتوانی کاریان لەسەر بکات.
- ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر (هەڵوێستی جەماوەر سەبارەت بە ناوەڕۆکی دروستکراو بە زیرەکی دەستکرد لە میدیای کوردیدا (بە ڕاپرسی فراوان لەگەڵ وەرگرانی ناوەڕۆک).
- ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر (ڕۆڵی یاسا و ڕێنماییە ئەخلاقییەکان لە ڕێکخستنی بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد لە میدیای کوردیدا (بە بەراوردکردنی ئەزموونی نێودەوڵەتی).
- توێژینەوەیەک بکرێت لەسەر (پێوانکردنی سوود و زیانی ئابووری و پیشەیی بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد لە دامەزراوە میدیاییەکانی هەرێمی کوردستاندا (بە میتۆدی لێکۆڵینەوەی کەیس (Case Study).

**سەرچاوەکان**


- Minsky, M. (1968). Artificial intelligence. In M. Minsky (Ed.), Semantic information processing (p. 126). MIT Press.

- Poole, D. L., & Mackworth, A. K. (2010). Artificial intelligence: Foundations of computational agents. Cambridge University Press.

- Russell, S. J., & Norvig, P. (2021). Artificial intelligence: A modern approach (4th ed.). Pearson.
- High-Level Expert Group on Artificial Intelligence. (2019). Ethics guidelines for trustworthy AI. European Commission.
- Haenlein, M., & Kaplan, A. (2019). A brief history of artificial intelligence: On the past, present, and future of artificial intelligence. California Management Review,
- IEEE. (2019). ethically aligned design: A vision for prioritizing human well-being with autonomous and intelligent systems (Version 2). Institute of Electrical and Electronics Engineers.
- McQuail, Denis. (2010). Mass Communication Theory (6th Ed.). London: Sage Publications.
- Barthes, Roland. (1972). Mythologies. Translated by Annette Lavers. New York: Hill and Wang.
- Neuendorf, Kimberly A. (2017). The Content Analysis Guidebook (2nd Ed.). Thousand Oaks, CA: Sage Publications.
- Buckingham, David. (2003). Media Education: Literacy, Learning and Contemporary Culture. Cambridge: Polity Press.
- Hall, Stuart. (1980). "Encoding/Decoding." In Culture, Media, Language: Working Papers in Cultural Studies, 1972-79, edited by Stuart Hall, Dorothy Hobson, Andrew Lowe, and Paul Willis. London: Hutchinson.
- Feher, Katalin. (2025). Generative AI, Media, and Society. London: Routledge.
- Abram, Cleo. "Sam Altman Shows Me GPT 5... And What's Next." YouTube video, 2024.
- Full interview: "Godfather of AI" shares prediction for future of AI, issues warnings, Full interview: "Godfather of AI" shares prediction for future of AI, issues warnings – YouTube.
- Rostamian, Sara, and Mahnaz Moradi Kamreh. (2024). "AI in Broadcast Media Management: Opportunities and Challenges." AI and Tech in Behavioral and Social Sciences 2, no. 3.
- Radcliffe, Damian. (2025). Journalism in the AI Era: Opportunities and Challenges in the Global South and Emerging Economies. Thomson Reuters Foundation Insights Report.
- Wang, Ting-Chun, et al. (2018). Video-to-Video Synthesis. NVIDIA / arXiv.
- Bhatnagar, Akshat. (2022). "Artificial Intelligence generated Synthetic Media and its applications in the Media Industry." Bachelor's thesis, Symbiosis International University.
- Ruszev, Szilvia, et al. (2024). Shared-Posthuman Imagination: Human-AI Collaboration in Media Creation. Bournemouth University White Paper.
- The Ethical Use of AI for Public Relations Practitioners. (2025). PRSA.
- Copyright in Works Created by Artificial Intelligence. (2023). Cambridge University Press.
- International Journal of Engineering Technology Research & Management. (2025).

**وپێکەوتنەکان:**

1- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ بەرێز (Yang Yefei) پرۆفیسۆر لە زانکۆی بەیجینگ بۆ زانست و تەکنەلۆجیای زانیاری (Beijing Information Science and Technology University) رێکەوتی ٢٠٢٥/٨/٢٥ بەیجینگ – کاتی چاوپیکەوتن (٤)ی پاش نیوەرۆ.